گۆڤاری ئەلیکترۆنی

# گۆڤاری ئەلیکترۆنی
# سەکۆی هزر

## ژمارەی پێنجەم

خاوەن ئیمتیاز: دێرین کەماڵ چاوشین
سەرنووسەر: ئەحمەد ستار عەبدوڵا

بەرپرسی لێژنەی ئەدەبی: ئەحمەد زرار
بەرپرسی لێژنەی کۆمەڵناسی و دەروونزانی:
ڕێکان عەبدولڕەحمان
بەرپرسی لێژنەی بابەتە هەمەڕەنگەکان:
دێرین کەماڵ چاوشین

هەڵەچن: هاودەنگ سەباح، ئەحمەد زرار..
دێرین کەماڵ چاوشین
بەشی هونەری و دیزاین: هەژار جەمال

نوسەرانی ئەم ژمارەیە:

ئەحمەد زرار
دێرین کەماڵ چاوشین
زانا لوقمان
ڕێکان عەبدولڕەحمان
موختار کوردی
سەهەند نالی
د. موحەممەد داوود خالید
ئیبراهیم موحەممەد(ئەبڕاهام لێڤایی)
نوێنەر یاسین



ڕەزبەر ٢٠٢٤

# پێرست

## بەرکوڵ

## ئەدەب-زمان

- ڕەگەزەکانی بە جیهانیبوونیی دەق لە ڕۆمانی "پایزە خەون"ی "محەمەد مەولوود مەم"
- وێنەی شیعریی لە ڕۆمانی " جۆلانە و سێدارە"ی "کازم کۆیی"
- "برۆ" لە شیعری کلاسیکی کوردیدا (نالی، مەحوی، وەفایی) بە نموونە

## دەروونزانی-کۆمەڵناسی

- برینی دەروونیی چییە ؟
- بۆچی کە دەخەوم، خەون نابینم ؟
- کاریگەرییەکانی لێدانی منداڵ لەلایەن دایک و باوکانەوە
- پێکەنینی نەگونجاو (inappropriate laughter)
- تاکی کورد و سێ ئاستەکەی هۆشیاریی

## بابەتە هەمەڕەنگەکان

- چەند سەرنجێک لەسەر یاسای توندوتیژی خێزانیی ژمارە (٨) ساڵی (٢٠١١)
- کورد و هەزار قسە

# بەرکوڵ

ژمارەی پێنجەم

ڕەزبەری ٢٠٢٤

# بەرکوڵ

مێــژووی ئــەدەب و زمانــی هــەر نەتەوەیــەک بەپێــی ئاســتی ئــەو کەســانە دەگۆڕێت کــە دەستپێشــخەر و دامەزرێنەریــن، ئەگــەر کەســانێک دایانمەزرێنن کە پێکهاتە ســەرەکییە ســەرەتاییەکانی نوســینیان پشــتگوێ خســتبێ، بێگومــان کاریگەری نەرێنی دەبێ لەســەر ئەوانــەی بەدوایاندێن، بۆیە هێــز و لاوازی پەروەردەبوونی مرۆڤ کاریگەری لەســەر هەموو ســێکتەرەکان هەیە بە نوسینیشەوە، کۆمەڵناسی کلاسیک پێی وایە کە زمان یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی نەتەوە، جا نەتەوەیەک ئەو پایەیەی لاوازبێت و کەس مشوری نەخوا چی بەسەر دێــت؟ نەتــەوەی کــورد نەتەوەیەکــی زیندوو و پــڕ وزەیە بــەڵام وزەکەی لــە ئامانجــی هەڵە بەفیــڕۆ دەدات، بەفیڕۆچوونــی وزە، وایلێدەکات بەرگری نەمێنێت وەکوو جەســتەی داوەشــاو خۆی لەبەر ســادەترین میکرۆبدا نەگرێت لەو کاتەشدا دەبێتە جێی سەرنجی هەموو هێزێکی نەیار، هێزی بودەڵەی دەرەکیش ئامانجی تامەزرۆی بەدەســتهێنانی بەلا لێوییەوە چۆڕاوگە دەبەســتێ، هەروەها پێویســتی بوونی ئەو لایەنەی کە وا دەکات وزەی گەنجــان و تاکەکانــی نەتەوەی کــورد بۆ ئامانجێکی ڕێــک و ڕەوان ئاراســتە بکرێ، وایکرد "گۆڤــاری ئەلیکترۆنی ســەکۆی هزر" دووبارە بە شــێوەیەکی جیاواز بگەڕێتەوە و گۆڕانکاری لە ناوەڕۆک و سیســتەمی کارکردن بکات، گەڕانەوەیەکی نوێ و بەرنامە بۆ دانراو، زادە و هەڵقوڵاوی چەندین گفتوگۆ و پرسکردن بە کەسانی ئەکادیمی لە بــواری جیاواز، هەروەها بــۆ ئەنجامدانی هەر کارێک بۆ ئەوەی ســەرکەوتووبێت، پێویســتە ڕەچاوی ســێ خاڵ بکرێت، کە ئەوانیش بریتین لە:

١-زەمینەسازی

٢-ئامادەسازی

٣-گۆڕانسازی

لــە کوردســتان خاڵی یەکــەم و دووەم پشــتگوێ خراوە، ڕاســتەوخۆ خاڵی ســێیەم جێبەجێ دەکرێــت، ئەمەش مەترســیدارە بێ ئەوەی ئامادەسازی بکەی و زەمینەیەکی لەبار بڕەخسێنی بۆ ئەوەی گۆڕانکاری بکەی، لەهەموو حاڵەتێکی لەوشێوەیە دەرئەنجامەکان باش نابن و زیانەکان زیاتر دەردەکەون. "گۆڤاری ئەلیکترۆنی سەکۆی هزر" لەو بوار و مەودایەی کاری لەســەر دەکات بە هەموو شــێوەیەک هەوڵی خۆپارێزی و ڕێگری دەدات لە هاتنەدی ئەو دەرئەنجامە، هەروەها لەوانەیە هۆکارەکانی سەرکەوتن و شکست لە یەک حاڵەتدا لە کۆمەڵە و دامەزراوە و دەزگاکان هەبن بەڵام وریایی و زرنگی ڕێزان و بەهێزی پەیڕەوی پەروەردەکردن، ڕێ لە لاسەنگی دەگرێت.

**ئەحمەد ستار**




# ئەدەب - زمان

ژمارەی پێنجەم

ڕەزبەری ٢٠٢٤

# ڕەگەزەکانی بە جیهانیبوونی دەق لە ڕۆمانی "پایزە خەون"ی "محەمەد مەولود مەم"



محەمەد مەولود - مەم

گرنگە بەرهەمێک تایبەتمەندیی شاکارێکی جیهانی هەڵگرتبێ، لەو گرنگتر توێژەرێکە بتوانێ ڕەگەزە تایبەتییەکانی ئەدەبی جیهانی لەناو دەقێکی پشتگوێخراو بدۆزێتەوە و هەر ڕستەیەکی وەک بنچینەیەک بۆ شاکاری ئەدەبی بخاتەڕوو، لێرەوە هەوڵمان داوە بەپێی توانا چەند تایبەتمەندییەک لە بەرهەمێکی "محەممەد مەولود مەم" دیاری بکەین و وەک ئەدەبێکی جیهانی بیناسێنین.

"پایزە خەون" یەکێکە لەم بەرهەمە دانسقانەی کە نووسەر بە زمانێکی ڕەوان و بێ گرێ چەندین کێشەی بەرچاوی کۆمەڵی کوردی خستووەتە ڕوو کە لە ڕێیانەوە خوێنەر دەتوانێ ئاشنای گەدەیەکی خاڵی و گیرفانێکی بەتاڵ ببێت و لە دەرد و ناسۆرییەکانی تاکێکی هەژاری کۆمەڵی کوردی تێبگا، هەڵبەت ئەوەی شایانی باسە بە بڕوای ئێمە یەکێک لەم کێشە گەورانەی ڕێگا لە بەرهەمی ئەدەبی کوردی دەگرێ و دەبێتە کۆسپی سەر ڕێی و نایەڵێ سنوورەکان ببڕێ و وەک ئەدەبێکی جیهانی خۆی بناسێنێ، وەرگێڕانە، بە داخەوە ئەوەی ئێستا لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب کاری بۆ دەکرێ وەرگێڕانی بەرهەمی نەتەوەکانی ترە بۆ زمانی کوردی، نەوەک بە پێچەوانەوەوە، چونکە ئەدەبی کوردیش کۆمەڵێک شاکاری جێبایەخی ئەوتۆی هەن، کە دەکرێ ئەگەر ڕۆژێک لای وەرگێڕانیان بۆ بکرێتەوە، وەک ئەدەبێکی جیهانی دەربکەون و بەرەوڕووی جیهان بگەشێنەوە، چونکە ئەدەبی کوردیش بە تەواوی ژانرەکانییەوە، هیچی وای لە بەرهەمە بیانییەکان کەمتر نییە ئەگەر باشتر نەبێ، هەڵبەتە، کاری تاکەکەسی لێرەولەوێ وەک چارەسەرێکی کاتی بەرچاو دەکەوێ، بەڵام ئەگەر بمانەوێ بەرهەمە ئەدەبییەکانمان بخرێتە ڕیزی شاکارە جیهانییەکان، دەبێت لیژنەی میری لەلایەن دەوڵەتەوە پاڵپشتی دارایی و بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانییان بکات تا وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕاندا بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کارەکەی ڕاپەڕێنێ.

لەم توێژینەوەیەماندا سەرەتا دەروازەیەکمان بۆ لایەنی مێژووی ئەدەبی جیهانی کردووەتەوە، پاشان پێناسە و تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی جیهانی بەپێی ئەم دەقەی وەک کەرەستەیەک بۆ توێژینەوە وەرگیراوە.

## چەمک و پێناسەی ئەدەبی جیهانی:

مێژووی ئەو ئامانجەی کە دەقێکی جیهانی لەخۆی گرتووە، لە زۆر زووەوە هەیە. دیرۆکەکەی بۆ کتیبە ئایینی و ئاسمانییەکان دەگەڕێتەوە، کە ئەو پەیامەی پێیان بوو، دەیانویست بە شێوەیەکی گشتگیر بە جیهاندا بڵاوی بکەنەوە. لێرەوە دەتوانین بڵێین: ئەدەبی جیهانی وەک بیرۆکە لەپێش پەیدابوونی نووسینەوە هەبووە، بەڵام وەک بابەتێک بۆ توێژینەوەی زانستی ئاڕاستەیەکی تازەیە و هێندە نابێ سەری هەڵداوە...

زاراوەی (ئەدەبی جیهانی) بۆ یەکەمجار لەلایەن شاعیر و فەیلەسوفی ئەڵمانی "گۆتە" بەکارهاتووە، کە خاوەنی بیرۆکەی "گەردوونگەرایی" بوو لە (سەدەی نۆزدەم)، بانگەوازی بۆ نووسەرانی ئەڵمانی بە تایبەتی و ئەوروپییەکان بە گشتی دەکرد و هەوڵی دەدا تێڕوانینی ئەوان بۆ ئەدەب فراوانتر ببێ. بۆئەوەی بیرۆکەکەی ڕەوشتی گەلانی دیکەش بگرێتەوە. وەک خۆی دەڵێ: (ئەگەر ئێمەی ئەڵمانییەکان، لەودیوی ئێستامانەوە نەڕوانین، لەناو هەستی خۆبەزلزانینماندا بە ئاسانی دەکەوین، بۆیە حەزم بە پرسیارکردنە لە بارەی گەلانی بیانیشەوە، ئامۆژگاری هەمووان دەکەم ئەوە بکەن (بشار، ٢٠٢١، ٢). کەواتە زاراوەی ئەدەبی جیهانی لە بنەچەوە بە مەرامێکی دوور لە ئامانجی ئەدەب هاتۆتە کایەوە، لە دەربڕینەکانی "گۆتە"ی ئەڵمانی دەگەینە ئەو ڕاستییەی ئەدەبی جیهانیش بەشێکە لە (کۆنۆنیالیزم)ی ئەوروپی، ئەو ئامانجانەی ڕۆژئاوا و وڵاتە زلهێزەکانی کاریان بۆی دەکرد، دوای هاتنە ئارای بیرۆکەی "گەردوونگەرایی" لای "گۆتەی" ئەڵمانی، لە ئەدەبەکانیان ڕەنگی داوەتەوە.
لە داگیرکارییە سەرەتاییەکانەوە بگرە تا ئەمڕۆش کار بۆ سەپاندنی ئەدەبی ڕۆژئاوا کراوە و دەکرێ، لەپێناو قۆرغکردنی دەسەڵاتی ڕامیاری و هزری خۆیان، ئەم حاڵەتە "ئێدوارد سەعید" لە کتێبی (ڕۆژهەڵاتناسیی)دا ناوی ناوە (ئیمپریالیزمی ڕۆشنبیری)، بۆ ئەم مەبەستەش هەمێشە هەوڵی ئەوەیان داوە تاکی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئاست کلتوری نەتەوەیی خۆیاندا هەستی خۆبەکەمزانینیان هەبێ و بە پێچەوانەوە بە چاوێکی بەرزەوە لە ئەدەبیاتی ئەوانی تر بڕوانن (حوسێن، ٢٠٢٠، ٣٢).

## پێناسەکانی ئەدەبی جیهانی:

ئەدەبی جیهانی کۆکردنەوەی ئەدەبییاتی نەتەوەییە لە جیهاندا بە تایبەتی ئەو ئەدەبانەی کە بەهۆی وەرگێڕانەوە، ئامادەیی جیهانی بەدەستهێناوە. بەم پێیەی کاریگەری واقعی ئەدەبی نەتەوەیی خۆی لە سنوورە تەسکەکانەوە بەرەو جیهان گواستووەتەوە. ئەمەش بە جۆرێکە کە هەموو ئەدەبە نەتەوەییە هاوچەشنەکان لەژێر چەتری ئەدەبێکی هاوبەشدا کۆببنەوە. ئەدەبی جیهانی کۆکردنەوەی ئەدەبییاتی نەتەوەییە لە جیهاندا بە تایبەتی ئەو ئەدەبانەی کە بەهۆی وەرگێڕانەوە، ئامادەیی جیهانی بەدەستهێناوە. بەم پێیەی کاریگەری واقعی ئەدەبی نەتەوەیی خۆی لە سنوورە تەسکەکانەوە بەرەو جیهان گواستووەتەوە. ئەمەش بە جۆرێکە کە هەموو ئەدەبە نەتەوەییە هاوچەشنەکان لەژێر چەتری ئەدەبێکی هاوبەشدا کۆببنەوە.

## تایبەتمەندییکانی ئەدەبی جیهانی:

وەرگێڕان ناوەندێکی گواستنەوەیە بۆ ڕۆشنیری میللەتان، کە بە هۆیەوە ئەدەبێک ناسراو دەکرێت و ئەدەبێکیش پەراوێز دەخرێ، چونکە وەرگێڕان گوڵبژێری ئەدەبی میللەتان دەکات، جا دەشێ ئەم هۆکارە سیاسی بێ، یا شارەزابوون لە جوگرافیای ناوچەیەک، یان بە هۆکاری ناسینی فۆڕمی نووسینی نووسەرێک...تاد. کەواتە وەرگێڕان هەناسەیەکە بۆ ئەدەبی خۆت و پاڵپشتییەکی پتەویشە بۆ ئەم بەرهەمەی وەردەگێڕدرێ، ئەدەبی ڕەسەنیش ئەو ئەدەبەیە کە لە واقعی نەتەوایەتییەوە هەڵدەقوڵێ و ئەگەر وەربگێڕدرێتە سەر هەر زمانێکی دی لە دوورەوە هاوار دەکات و هەر کەسێکی هەر زمانێکی دی بیخوێنێتەوە یەکسەر دەزانێ ئەمە ئەدەبی فڵان نەتەوەیە و لە فڵانە سەردەم نووسراوە و بۆنی فڵانە خاک و هەوای لێ دێ (گەردی، ١٩٨٢، ٣).
زۆر شاکاری جیهانی هەن، دەکرێ وەکوو دەقێکی ئەدەبی جیهانی لێیان بڕواندرێ و بەهۆی وەرگێڕانەوە باشتر بڵاوببنەوە، بەڵام مەرجیش نییە هەر دەقێکی ئەدەبی وەرنەگێردرا نیشانەی خراپی ئەدەبەکە بێ، بەڵکو ئەدەب ئەگەر تایبەتمەندی مرۆیی هەبوو، هەر ئەدەبی جیهانییە، با بۆ زمانانی تریش وەرنەگێڕدرابێ (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٤، ١٣). "پایزە خەون"ی "محەمەد مەولود مەم" یەکێکە لەم بەرهەمە ئەدەبییانەی کۆمەڵێک بەهای ژیاری و مرۆیی و بەرژەوەندی باڵای ئەوتۆی تێدایە بەڵام هێشتا بۆ زمانانی تر وەرنەگێڕدراوە، دەشێ وەک بەرهەمێکی جیهانی بیناسێنین، چونکە پشتگیری لە دۆخی هەژارێک دەکات کە بەهۆی نەدارییەوە مووچەیەکی کەمی ڕۆژانەکەی قبووڵ دەکات. وەکوو لەم بەشەدا دەڵێ: (هەر هێستر... یان بارگیرێک، بارتەقای سێ بەنیئادەم بوو!!! بە سێ بەنیئادەم حسێب دەکرا! بەو پێیەی ڕۆژانەی سێ کرێکاریشیان بۆ دەنووسرا. دوو کەریش... بە سێ کرێکاری خواپەرست خورد دەکرانەوە. پێکەنینەکەی کاک ڕەشاد تا دەهات توندتر و بەرزتر دەبووەوە، ئاو دەزایە چاوەکانی، بە لچکی پشتبێندەکەی چاوەکانی وشک کردنەوە، کەوتەوە بیرکردنەوە) (مەم، ١٩٨٢، ١٦).

## لێرەوە هەندێک لەم تایبەتمەندییانە دەستنیشان دەکەین کە لە ئەدەبێکی جیهانیدا هەیە:

پاراستنی بەها ژیارییەکان: هەموو ئەو بەرژەوەندییە گەورانەنە، کە لە سەرووی بەرژەوەندی تایبەتی تاکە، هیی سەرجەمی هاوڵاتییانە، وەکوو: (ئاین، خاک، زمان، نەتەوە، ئابووری نەتەوەیی، ئاسایشی وڵات) بەبێ زامنبوون و پاریزراوبوونی ئەمانە تاک و نەتەوەش زیانی گەورەیان بەردەکەوێ و بەرەو دواڕۆژێکی ڕەش و نادیار دەڕۆن (عەبدوڵڵا،٢٠١٨، ٢٧). واتا بە گشتی دەبێت ئەدەبەکە ئەم بەها ژیاری و نەتەوەییە تایبەتییانەی لەخۆگرتبێ کە بتواندرێ وەک سیمایەکی ناسراوی ئەم نەتەوەیە دیاری بکرێ، وەکوو: نەتەوەی کورد هەر لە کۆنەوە زۆرینە موسوڵمانن و هێندە نزیکن لێیەوە ئایینی ئیسلام بووەتە بەشێک لە ئادابی نەتەوەیی و لێیان جیا نابێتەوە، لێرەوەش نموونەیەک لە "پایزە خەون" وەردەگرین، لەم بارەیەوە: (لە گردەچاڵ لادەدەم. خۆم گەرم دەکەمەوە. نوێژی شێوانیش لە وێدا بەجەمەعات دەکەم. لەناو دەروونیشیەوە، خۆی لەوە خۆش کردبوو کە لەگەڵ مەلای مزگەوتی گوندی شیو بخوات.) (مەم، ١٩٨٢، ١٣).

مزگەوت و مەلا و نوێژی بە جەمەعات (بە کۆمەڵ) لای کوردان ئاشنایە و نەتەوە جیاوازەکانیش دەتوانن ئەم لایەنە بکەنە خاڵی جیاکەرەوە و ئەدەبی نەتەوەی کوردی پێ بناسنەوە. وەک دەڵێ: ئەمەی پێ سەیر بوو. سەڵەواتێکی هاویشت (مەم، ١٩٨٢، ١٩).

یان دەڵێ: بیسملایەکی خوێند، بە پەلەپەل پێڵاوەکانی بەسەرپێ کردنەوە... بۆی کێل بووەوە...بە جۆرێکی ئالی سوورایەوە، کاتێ لە زاری مزگەوتەکە دەرپەڕی بەدەنگ بەخۆی دەگوت: پیاو کە شەو کەوتە ڕێگا و سەفەر خۆی گیر نەکا باشە (مەم، ١٩٨٢، ٢١).

**ئەدەب وەک چارەسەر:** ئاشکرایە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی بە گشتی بۆ دوو هۆکار دروست دەبێت؛ یەکەمین بۆ بەخشینی چێژ و دووەمیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک، جا دەشێ ئەم کێشەیە لە تاکە کەسێکەوە دەست پێبکا تا، کۆمەڵ بە گشتی، ئەو کێشەیەی لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبی دەخرێتە ڕوو و چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە خێراتر شوێنەواریشی لەناو کۆمەڵ دەسرێتەوە، بە بەراورد لەگەڵ ئەم چارەسەرەی زانستێکی وەک دەروونناسی یان کۆمەڵناسی بۆی دەدۆزێتەوە. بۆیەشە لەم بەرهەمەی بەردەست ("پایزە خەون"ی "محەمەد مەولود مەم") چەند نموونەیەکی لەم شێوەیە دەخەینە ڕوو:

(ژمێریار لە شارەوە دێ و مانگانەکەیان وەردەگرن)

ئەگەرچی مانگ هێشتا چەند ڕۆژێکی تێمابوون... و، هەرگیز نەش قەومابوو، پێش تەواوبوونی مانگ، مانگانەی کرێکاران بدەن... بەڵام چونکی نزیکی جەژنی قوربان بوو... نەیتوانی بڕوا بە قسەکەی حەمە چاوەش نەکا:

ئێمە... لەوانەیە گەورەکانیش هەستیان بە چۆنییەتی ئێمە و ئارەزوویان کردبێ، لەبەر خاتری جەژن یارمەتیمان بدەن (مەم، ١٩٨٢، ٨).

ئەگەر ڕۆژی شەمووش مووچەکەمان بدەن...دەتوانم جەژنەیەک لەگەڵ خێزانەکەم بکەم کە وە جەژنان بچێ!!

بەڵام کەنگی جەژنەیەکی وەکوو جەژنمان کردووە؟

لەخۆی پرسینەوە: لەوەتەی هەرزەکارم... لەوەتەی لەگەڵ ئایشۆک، لەودیو گەڕاینەوە...

نەمان زانیووە تام و رەنگ و بۆی جەژن چییە؟ (مەم، ١٩٨٢، ٢١).

وای بابە... هەرکە لەگەڵ گیسکەبۆر، دەگەمەوە ماڵ وای مندالەکان باش لەخەو ڕادەپەڕێنم!

ئایشۆک گوریسەکە دێنی... و ملی گیسکەبۆر... دەگری و بە خۆشییەکەوە دەیباتە ناو کۆڵێتەکەو لەتەنیشت خۆی دەیبەستێتەوە.

جەردە زیاتر لەناوخۆی پێدەکەنی کە بەخۆی دەگوت: وەڵڵاهی هەتاکوو ڕۆژ هەڵدێ خەو ناچێتە چاویان... هەر لە دەوروپشتی گیسکەبۆر هەڵدەپەڕن... گونانی هەڵدەسەنگێنن... خۆی لێ هەڵدەسوون... گوێچکە نەرمەکانی لە ڕوویان دەخشێنن و... شەویان لا دەبێتە ڕۆژی ڕەوان (مەم، ١٩٨٢، ٤٠-٤١).

لەم نموونانەی سەرەوە دەبینین سەنتەری بیری دەقە ئەدەبییەکە باس لە کێشەی هەژاری دەکات، هەڵبەت بەیانکردنی ئەم جۆرە کێشەیە لەناو بەرهەمێکی ئەدەبی بۆ ئەوەیە وەک شایەتی حاڵ، ڕەنج و نەهامەتییەکانی بخاتە ڕوو، پاشان لەگەڵ باسکردنیان چارەسەریشی بەیان کردووە، بۆ نموونە دوای دەبینینی نموونەکانی سەرەوە دەتوانین بڵێین:

هەژارێک پێویستی بەوەیە لەکاتی خۆی حەقی ماندووبوونی کارەکەی پێ بدرێت، ئەم حەقەش دەبێ بە پێی ئەم ماندووبوونە بێ کە چەشتوویەتی.

**کێشە مرۆییەکان:** جیهانی کۆن بە شێوەیەک و جیهانی ئێستاش بە شێوەیەکی تر، ڕووبەڕووی هەندێک کێشەی بەرچاوی وا بووەتەوە کە بووەتە هۆی گۆڕینی زۆرێک ڕوانگەی تایبەتی، بۆیە ئەم کێشانەش لە ئەدەبی جیهانی ڕەنگ دەداتەوە، وەکوو: لەگەڵ هاتنی سیستەمی سەرمایەداری و بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی، کۆمەڵ تێکڕا دەبێتە دەستی کار و بە بەرانبەرێکی کەم کارێکی تاقەتپڕووکێنیان پێ دەکرێ، بە چەند نموونەیەک ڕەنگدانەوەی ئەم کێشەیە لە "پایزە خەون" دەخەینەڕوو:

هەر هێستر... یان بارگیرێک، بارتەقای سێ بەنیئادەم بوو!!!

بە سێ بەنیئادەم حسێب دەکرا! بەو پێیەی ڕۆژانەی سێ کرێکاریشیان بۆ دەنووسرا.

دوو کەریش... بە سێ کرێکاری خواپەرست خورد دەکرانەوە.

پێکەنینەکەی کاک ڕەشاد تا دەهات تووندتر و بەرزتر دەبووەوە، ئاو دەزایە چاوەکانی، بە لچکی پشتبێندەکەی چاوەکانی وشک کردنەوە، کەوتەوە بیرکردنەوە،

عەلی ئێختە... پیاوێکی بەتین و تاقەت بوو، خەڵکەکە دەیانگووت:

(باری ئێسترێک بەکۆڵ هەڵدەگرێ) (مەم، ١٩٨٢، ١٦).

عەلە لەبۆ ئێسترەکە چوو... لەپڕ تێی ڕووبوو... لەناو قوڕەکە بەرزی کردەوە و هێنای لەبەردەمی ژمێریار... لەپێش زارکی چادرەکە داینا.

کرێکارەکان دایانە هوڕاو چەپڵە، ئیتر لەو ڕۆژەوە ڕۆژانەی عەلە بوو بە پانزە عانە... یەک ڕوپیە،

ئاغای گوندەکە، بە دوو ئێستر و کوڕەکانیشی هەر یەک بە بارگیرێک نووسراون!

عەلە ئێختەش بە یەک کەر!

وە لەخۆی پرسیەوە:

ئەدی ژمێریار و حەمە چاوەش و سەرۆکەکانی دەکەی کە لە شارن،

دەبێ ئەمانە، ئەم گەورانە حیسابی چەند کەر و ئێستر و بارگیریان بۆ کرابێ؟

وە لەبەر خۆیەوە دەیگووت: کێ بە ڕۆژانەی کرێکاری ئینسان ڕازی دەبێ؟ (مەم، ١٩٨٢، ١٧-١٨).

**زمانی داڕشتنی دەق:** زمانی ئەدەبی جیهانی زمانێکی سادەی دەربڕینە، دەشێ بڵێین: ناوەڕۆکێکی چڕی ئەوتۆ بەڵام بە دەربڕینێکی سادە و ڕەوان، وەرگێڕیش دەتوانێ دەقێکی ئەدەبی جیهانی وەکوو خۆی وەربگێڕێتەوە هەموو وردەکارییە گرنگەکانی زمانی یەکەم بۆ خوێنەری زمانی دووەم بە ئاسانی ڕوون بکاتەوە، بۆیە ئەگەر لەم بەرهەمەی بەردەست ("پایزە خەون"ی "محەمەد مەولود مەم") بڕوانین، لە سەرەتای دەستپێکی باسەکانەوە نووسەر بە کوردییەکی ڕەوان و بێ گرێ دەست بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی دەکات و کۆمەڵێ پەند و قسەی نەستەق دەبینین کە بە دیاریکراوی زمانی گۆتنی کوردێکی ئاسایی پیشان دەدات. لێرەوە چەند نموونەیەک دەخەینە بەرچاو:

درۆ لەلای حەمە چاوەش ئاو خواردنەوەیە (مەم، ١٩٨٢، ٨).

پیاو... کە شەو کەوتە ڕێگا و سەفەر... خۆی گیر نەکا باشە (مەم، ١٩٨٢، ٢١).

بەهاران لەگەڵ کوڕ و کیژانی گوند دەچوونە ڕێواس کردن.


هەر جووتە یارێک، باسکیان لە باسکی یەکتر دەئاڵاند و لەو کێو و هەڵدێرانە لەگەڵ کێوی... لەگەڵ قەلەندۆر و ڕێواس و ترشۆکە و گیا و گوڵی بەهار... ڕۆژیان بەرە و ڕۆژاوا... گەوز دەدا.

## سەرچاوەکان

بشار، سعیده (٢٠٢١)، الاداب العالمیة المعاصرة، (٢٠٢١)، رقم ١، ٢٠٢٤/٤/١٨.
(حوسێن، نازم)، (هیمداد، سەنگەر) (٢٠٢٠)، ئەدەبی جیهانی چەمک و مێژوو و ئارێشەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاوێر.
گەردی، عەزیز (١٩٨٧)، ئەدەبی بەراوردکاری، چاپی یەکەم، بەغداد، کۆڕی زانیاری کورد.
گەردی، عەزیز (١٩٨٢)، ئەدەبی بێگانان، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، بەغداد، چاپخانەی الحوادث.
عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠٢٤) ئەدەبی جیهانی و بژاردەیەک لە شاکارەکانی، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی پاندا.
عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠١٨) دەقناسی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی حەجی هاشم.
مەم، محەمەد مەولود (١٩٨٢) پایزە خەون، چاپی یەکەم، هەولێر، ؟.

**ئەحمەد زرار**

# وێنەی شیعری لە دیوانی
# (جۆڵانە و سێدارە)ی (کازم کۆیی)


کازم کۆیی

مرۆڤ ڕۆژانە جۆرەها دیمەن دەبینێ، زۆر جاریش بەم دیمەنانە شتی نامۆ و سەرنجڕاکێش دەکەوێتە بەرچاوی، ئەم دیمەنانە هەندێک جار هێندە کاریگەرن لە هزریدا دەمێنێتەوە، زۆرجاریش بۆ چەندین ساڵی هەمان دیمەن دەکەوێتە یادگەی و پێی سەرسام دەبێت. ئەم دیمەنانە بەشێکی وەکو چێژێک وایە، بەشێکی تریشی زۆرجار کاریگە و خەمناکە، بێگومان شاعیریش هەروەکو مرۆڤێکی ئاسایی ڕۆژانە لەناو کۆمەڵگایە و جۆرەها دیمەن دەبینێ و کاریگەر دەبێت پێیان، سوودیان لێ وەردەگرێ و وەکو بابەتێکی شیعری مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. کە لە بواری ئەدەبدا بە (وێنەی شیعری) ناسراوە، لەم توێژینەوەیەدا تیشک دەخەینە سەر (وێنەی شیعری) لە دیوانی (جۆلانە و سێدارە) ی (کازم کۆیی).

## وێنەی شیعری

وێنەی شیعری بابەتێکی کۆنە و هەر لە قۆناغی شیعری کلاسیکەوە شاعیران مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، هەروەکو چۆن ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعری بەپێی سەردەم گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بە هەمان شێوە وێنەی شیعریش بەپێی سەردەم گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە کلاسیکدا هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە (خواستن و لێکچواندن و دژیەک و جوانی بایس و تێلنیشان... هتد) بەکارهاتوون و بۆ زیاتر جوانکاری شیعری سوودیان لێ وەرگرتووە، بەڵام لە شیعری نوێدا پانتاییەکی فراوانی وەرگرت، کەسێکی ئاسایی گەشتێک دەکات بۆ ئەو کەژ و کێوە یان بۆ وڵاتێک چەندین دیمەن و وێنەی جیا دەبینێ، بۆ ئەم کەسە هەر ماوەیەکی کاتی و کورتە وەکوو چێژێکی کاتی لە هزریدا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەمە بۆ شاعیرێک دەبێ بە چامەیەکی شیعری و هەندێک جار شاکارێکی لێ دروست دەبێت و هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە. زۆربەمان شیعری (گەشتی هەورامان)ی (گۆران) و (ئەی مانگ)ی (بێکەس) و (بەفر بارین)ی (پیرەمێرد) و چەندین شیعری تر لە هزرماندا ماونەتەوە و بۆتە تابلۆیەکی جوانی شیعری.

وێنەی شیعری وەکو بنامەیەکی گرنگی شیعریی بەلای شاعیردا، بایەخ و تایبەتمەندی خۆی هەیە. وەکو ئاماژەم پێدا زۆربەمان ڕۆژانە وێنەی جیاواز دەبینین، بەڵام کاتییە و زوو کاڵ دەبێتەوە، هەڵبەتە بەلای شاعیرەوە دەبێتە کەرەستەیەکی و وەکو بابەتێک بایەخی پێدەدات و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، (بنەمایەکی گرنگ لەو بنەما هونەرییانەی کە پرۆسەی داهێنانی شیعریان پێ کامڵ دەبێت، وێنەی شیعرییە، هەر بۆیە زۆربەی لێکۆڵەر و ڕەخنەگر و شاعیرەکانیش خۆیان گرنگییەکی تایبەتیان پێداوە و لە باسەکانیاندا پانتاییەکی فراوانیان بۆ تەرخان کردووە). (عەلی، ١٩٩١، ٢١٨) ئەم گرنگیدانە بە وێنەی شیعری، وا لە شاعیر دەکات تابلۆیەکی ناوازە بە وشە دروست بکات، کە خوێنەر شیعرەکە دەخوێنێتەوە وەکو تابلۆیەک دەکەوێتە بەرچاوی و لە هزریدا وێنەی بۆ دەکێشێت و چێژێکی تایبەتی پێ دەبەخشێت، بۆیە دەبینین کە کەسێکی ئاسایی دیمەنێکی جوانی سروشت، یان ڕووداوێک دەبینێ، تەنها ئەو ساتەیە و ئەو کاریگەرییەی لەسەر نامێنێ، بەڵام ئەمە بۆ شاعیر جیاوازە؛ (لای شاعیر ئەو وێنەیە لە بیرو هەستیدا هەڵدەگیرێ، پاشان جارێکی تر لەگەڵ عەقڵ و سۆز و ویژدانیدا ئاوێتەیان دەکات و بەهۆی ئەندێشەوە وێنەیەکی تازەیان لێ دروست دەکات). (ئەحمەد، ٢٠٠٩، ٣٣٥—٣٣٦) ئەم وێنەیەش کە شاعیر دەیبینێ، بە پێی توانا و ئەندێشەی شاعیر ئەو کاریگەرییەمان بۆ دەردەکەوێت، (داهێنانی وێنەش لە هەر شتێکەوەش بێت لەلای هەر شاعیرێک دەوەشتێتە سەر توانای خەیاڵی ئەو شاعیرە و ڕادەی کاریگەری وەرگرتنی ئەو دیمەنە، چونکە لە تێکەڵاو بوونی عەقڵ و سۆزدا جارێکی تر بە هۆی خەیاڵی بەرزەوە ئەو وێنەیە دەخولقێت). (گەردی، ٢٠٠٤، ٤٥)، جوانی و سەرنجڕاکێشی شیعرەکە ڕادەی کاریگەری شاعیر و توانای ئەندێشەیی و خەیاڵی شاعیرمان بۆ دەردەکەوێ، کە تا چەند توانای شیعری بەرزە و جوانترین تابلۆی شیعری دەنووسێت، بۆ ئەم مەبەستەش شاعیران سوود لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەبینن، ئەم وێنەیەش لە ڕێگای ئیلهامی شیعرییەوە بخولقێت نەک شاعیر وەکو وێنەکێشێک دیمەنەکە ببینێ و وەکوو خۆی وێنەکەی بکێشێت، بەڵکو بە شێوەیەکی هونەری لە چوارچێوەی شیعردا و بە تێکەڵ کردنی هەست و سۆز و جوانکاری وێنەیەکی شیعری دروست بکات، لە قالبێکی شیعریدا بینووسێت.

(وێنەی شیعری وێنەیەکی هونەرییە لە ڕێگەی وەسفکردنێکی سەرکەوتووانە و بە بەکارهێنانی هونەری لێکچواندن و ئاوەڵواتا و میتافۆڕ و درکەوە دروست دەبێت و دەبێ لە باری بێ ئاگایی شاعیرەوە بخوڵقێ نەک بەزۆر لەخۆکردن دروست بێ و تام و چێژی ئەفراندنی تێدا نەبێ). (فەیزی، ٢٠٠٦، ١١٨) کاریگەربوونی شاعیر بە دیمەنێک زۆرجار وای لێدەکات کە نەتوانێ ڕاستەوخۆ ئەو هەستەی لە ناخیایە دەری ببڕێت، بۆیە ئەم کاریگەرییە لە ڕێگەی شیعرەوە دەردەبڕێت، کە گوزارشتە لە ناخی شاعیر، کە بە زمانێک دەینووسێت تام و چێژی ئەدەبی بە دەقەکە دەبەخشێ، (بەهۆی نەخشاندنی واتا لە بیر و ئەندێشەی شاعیردا وێنەیەک دەخوڵقێت، تیایدا دەربڕی ئەو هەست و سۆزو دەروونە شاراوەی خودی شاعیرە کە بەهۆی وشە یەک بەدوا یەکەکان لە ڕێگەی زمانەوە دایدەڕێژێت، تیایدا مەبەست و واتایەک دەپێکێت کە ناتوانرێت ڕاستەوخۆ دەربڕینی لێ بکات). (گەردی، ٢٠١٨، ٣٠٧) وێنەی شیعریش لەڕێگەی پێنج هەستەکەی مرۆڤەوە شاعیر گوزارشتی لێدەکات و وێنە شیعرییەکەی دەئافرێنێ، ئەوانیش هەستی (بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، بەرکەوتن)،

شاعیر لە ڕێگەی ئەم پێنج هەستەوە گوزارشت لە ناخی خۆی دەکات، بۆ نمونە کەسێک باسی گەشتێکت بۆ دەکات، دەڵێ: هاژە و خوڕەی ئاوی کانییەکە و جۆرەها گوڵی ڕەنگاوڕەنگ لەناو سەوزایی کەژ و کێوە، بۆنی گوڵەکان کاسەی سەرمیان پڕکرد، ساردی ئاوی کانییەکە دەستەکانی دەتەزاند... هتد) (هاژە و خوڕە) ئەمە هەستی بیستنە، (گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و سەوزایی) ئەمە هەستی بینینە، (بۆنی گوڵەکان) وەکو هەستی بۆنکردن و (ساردی ئاوەکە دەستی دەتەزاند) وەکو هەستی بەرکەوتن، مەرجیش نییە شاعیر هەر پێنج هەستەکە لە شیعردا بەکاربێنێ، بەڵکو زۆرجار تەنها هەستی بینین، یاخود هەستی بینین و بیستن بەکاردێنێ و بەڵام وێنەیەکی شیعری جوان و سەرنجڕاکێش پێشکەش دەکات، تابلۆیەکی هونەری بە وشە دروست دەکات، شاعیر کاتێک دیمەنی سروشت، یان گریانی منداڵێکی بێ باوک و بێ سەرپەرشت، یان گریانی دایکێکی جەرگسووتاو، یا هەژارێک وێڵ و ماندووە بۆ پەیداکردنی نان و... و... هتد، ئەمانە دەبنە وێنەیەک لە هزری شاعیردا و پاشان بە ئەندێشەی خۆی دەیانکات بە وشە و وێنەی شیعری ناوازە پێشکەش دەکات، شاعیری سەرکەوتووش ئەو شاعیرەیە بتوانێ بە ئیلهامی شیعری خۆی جوانترین و سەرنجڕاکێشترین وێنە پێشکەش بکات، خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرەکە دیمەنەکەی بێتە بەرچاو، بەو مانایەی بینینی هەر وێنەیەک و بەکارهێنانی لە چوارچێوەی دەقی شیعریدا، دەبێ تێکەڵ بە ئەندێشەی بکات، بە جۆرێک بێ؛ جوان و بەپێز و سەرنجڕاکێش بن.

## وێنەی شیعری لە دیوانی (جۆلانە و سێدارە)ی (کازم کۆیی)

دیوانی (جۆلانە و سێدارە) لە ساڵی (١٩٩٦) بە تیراژی (١٠٠٠) دانە لە چاپخانەی زانکۆی سلاحەدین، لە هەولێر چاپکراوە، لە دووتوێی نامیلکەیەک لە (١٦٨) لاپەڕە چاپکراوە، ئەدیب و پرۆفیسۆر دکتۆر (مارف خەزنەدار) پێشەکی بۆ نوسیووە، پێکهاتووە لە کۆمەڵێک شیعری سەرنجڕاکێش و جوان، کە تێکەڵەیە لە شیعری (دڵداری، نیشتمانی، وەسف) شاعیر لەم دیوانە دا گرنگییەکی زۆری بە وێنەی شیعری داوە، لە شیعرەکانیدا ئەم گرنگییە بەدی دەکرێن و دەتوانین بڵێین: بەشێکی زۆری شیعرەکانی بە وێنەی هونەری ڕازاونەتەوە، ئەگەر سەرنج بدەینە شیعری (ڕووناکی چاوەکانم) وێنەی شیعری دەبینین، کە لە ڕێگای هەستی بینین و بیستنەوە دەربڕاون:

**هاژەی ئاوی ڕووبارەکان**

**دەنگی بەرزی**

**بریندارە بێ چارەکان**

**قاسپەی کەوی سەر شاخەکان**

**هەناسەی سارد و ئاخەکان**

## بولبولی شەیدای باخەکان (کۆیی، ١٩٩٦، ١٩)

(هاژەی ئاو، دەنگی بەرزی بریندار، قاسپەی کەوی سەرشاخ) وێنەی هونەرین لە ڕێگای هەستی بینینەوە دەربڕدراون، هاژەی ئاو و قاسپەی کەو و دەنگی بەرزی بریندار) شاعیر ئەم شیعرەی لە خەباتی شاخدا نووسیووە، باسی سەردەمانێک دەکات کە سروشتی کوردستان لە بری گەشت و سەیران و جێژبینین، ببوە لانکەی شۆڕس و لەگەڵ ئەو دەنگ و ڕەنگە جوانییەی سروشت، بەڵم گوێمان لە هاوار و ناڵەی پێشمەرگەی بریندار دەبێت.
**لە شیعری (مەستی) دا دەڵێت:**

**ڕۆژێک لە نزیک ئێواریٚ**
**پیرەمێردیٚ دەیخواردەوە**
**لەژێر داریٚ**
**گاڵتەم پیٚ کرد**
**هاواری کرد ئەی کەڕ و لاڵ**
**تۆش وەرە لام بخۆرەوە**
**تاکو مەست بین**
**جا بۆ وڵاتی سەربەستان**
**بفڕین بە باڵ**
**هەوای ئازادی هەڵمژین**
**نەختیٚ دووربین لە ناڵە ناڵ**

کۆیی (١٩٩٦، ٢١)

وێنەیەکی شیعری لە ڕێگای هەستی بینینەوە دروست کردووە، تیایدا دیمەنی پیرەمێردێک خەریکی مەیخواردنەوەیە لەژێر دارێک، دیارە ئەمەش تاڵی و بارودۆخی ڕۆژگار وای لە پیرەمێردێکی وا کردووە مەی بخواتەوە، نەبوونی ئازادی و شەڕ و جەنگی بەردەوام، مرۆڤ بێتاقەت و بێزار دەکات، بۆ لەبیربردنەوەی ئەم بێتاقەتییە پەنا دەباتە بەر مەی خواردنەوە و خۆمەست کردن تاوەکو بۆ ساتێکی کەمیش بیٚ بە ئاسوودەیی هەناسەیەک هەڵمژیٚ.

**له شیعری (مەستی) دا دەڵێت:**

**هەمووساڵێ**

**لە قوژبنی**

**هەیوانە کۆنەکەی ماڵێ**

**پەڕەسێلکەی خنجیلانە**

**بە هێمنی**

**هەڵیان دەچنی**

**بە قوڕ بۆ خۆیان هێلانە**

**بێچووەکانیان**

**تیا ئەژیان وەک جۆلانە**

**پەڕەسێلکە نەهاتەوە**

**فڕی بە دڵێکی ماتەوە**

**کاتێ بینی**

**بێ بەزەیی لە ماڵ دەژی**

**ترسا نەوەک**

**بێ بە گژی**

**هێلانەی بڕوخێنێ و**

**دووریش نییە بیکوژێ**

کۆیی (١٩٩٦، ٣٣)

دیمەنی دروستکردنی هێلانەی پەڕەسێلکە، کە باڵندەیەکی جوان و بێ زیانە، لە وەرزی بەهاری هەموو ساڵێک ڕوو دەکاتە وڵاتەکەمان، هێلانەیەکی جوان بە قوڕ و پووش و پەڵش دروست دەکات، لە بنمیچی خانووەکان، یاخود لەبەر هەیوانی ماڵەکاندا، ئەو باڵندەیەش بایی ئەوە ژیری هەیە کە لەکوێ هێلانە دروست دەکات، نەوەک ماڵێک بێ بەزەیی بن و ئازاری باڵندەیەکی بەستەزمانی بێ زیان بدەن، لەو شوێنانە هێلانەی خۆی دادەمەزرێنێ، ئەم دیمەنە جوانە سروشتییەی باڵندەی (پەڕەسێلکە) شاعیر وێنەیەکی جوانی شیعری لێ هافراندووە.

**لە شیعری (ڕۆژ)دا، دەڵێ:**

**کە هەوری ڕەش**
**دێ چاوی گەش**
**لە ڕۆژ دەگرێ**
**سەیری زەوی**
**چۆن ڕەنگی سەوزی لێ دەبڕێ**
**دەزانی بۆ**
**هەور لەو کاتەی هەڵدەستێ**
**تا پێی بکرێ چاوی گەشی ڕۆژ دەبەستێ**
**تاکو مرۆڤ**
**لەسەر زەوی**
**نرخی ڕۆژی ڕوون بزانێ**
**بە چاوی بەرز و بەڕێز**
**سەر بڵند کا و بۆی بڕوانێ**

کۆیی (١٩٩٦، ٣٨)

شاعیر لە دیمەنی هاتنی هەور و گرتنی بەری تیشکی خۆر وێنەیەکی شیعری دروست کردووە، لەگەڵ خوێندنەوەی وەرزی زستان دێتەوە یادمان کاتێک هەوری ڕەش ئاسمان دادەپۆشێ و بەری تیشکی خۆر دەگرێ، شاعیر دەیەوێ بڵێ ئێمە کاتێک بەها و گرنگی شتەکان دەزانین کە لە دەستیان دەدەین، مرۆڤ سروشتی وایە هەمیشە دوای لەدەستدان بەهای شتەکانی بۆ دەردەکەوێ، پاش لەدەستدان شین و نزا دەکات تاکو ئەوی لە دەستی داوە بگەڕێتەوە، ئەمەش وێنەیەکی شیعرییە کە بە هەستی بینین دروستکراوە.

**له شیعری (ئاخێکی قووڵ)دا، دەڵێ:**

**شوانێکم بینی لەسەر بەردێ لە پاڵ شاخێ**
**بەدەم بلوێر لێدانەوە هەڵیکێشا ئاخێ**

**لەگەڵ ئاخی شوانە بوو دڵم یەکسەر کەوتە جووڵە**
**چوومە لای و پێم وت ئاخۆ بۆ کێیە ئەم ئاخە قووڵە**

**وتی: برام هەموو ڕۆژێ لێرانەدا ئا بەم دەردە**
**هەزاران ئاخ هەڵدەکێشم بەرامبەر ئەم دوو سێ بەردە**

**پرسیم بۆچی؟ وتی: سەیری ئەو بەردە نا ئەوەی پشتی**
**دایکم و منالی باوەش لەسەریدا بۆمبا کوشتی**

کۆیی (١٩٩٦، ٣٩)

لەم وێنە شیعرییەدا هەستی بینین و بیستن بەرجەستە کراوە، وێنەی شوانێک لەسەر بەردێک، لە ڕێگای بینینەوە، هەڵکێشانی ئاخ، ئەمەش هەستی بیستنە، لەڕێگەی ئەم وێنە شیعرییەوە ئێش و ئازاری ناخی شوانێکتان بۆ دەخاتە ڕوو، کە بەهۆی بۆمباران کردنەوە دایکی و منالێکی لە دەستداوە، ئەم شیعرە وەکوو لە دیوانەکەدا ئاماژەی پێکراوە ساڵی (١٩٧٩) نووسراوە کاتێک ڕژێمی ئەوکاتی عێراق بە هەرەمەکی بۆردومانی ناوچە کوردییەکانی دەکرد، زۆرێک لە هاووڵاتی مەدەنی بوونە قوربانی، کە ئەمە پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکانە بۆ جەنگ، شاعیر ئازاری ئەم شوانەی بە وێنەیەکی شیعری خستۆتە ڕوو.

هەروەها لە شیعری (مووس و پێنووس)دا، دەڵێ:

چەند پێنووسێ
ڕاوەستابوون
بەرامبەر دەمی مووسێ
مووس دەیفەرموو:
منم ڕێگەی ئێوە دەدەم
تا بتوانن شت بنووسن،
هەر منم ئێوە دادەدەم؛
دەنا ئێوە داری ڕەقن
کەی پێنووسن؟!
بۆیە دەبێ
لەبیرتان بێ
هەموو کاتێک چاک بنووسن
با بژی مووس هەر بژی مووس
دەمی تیژی هێنایە پێش
ملیان تێسوو
یەک لەدوای یەک
بێ ئاخ و ئێش
کە دادران
پێنووسەکان
گشتیان شکان
مووسیش بە کولی مایەوە
ماندوو بوونی بۆ مایەوە

کۆیی ( ١٩٩٦، ١-٦ )

لەم وێنە شیعرییەدا دیمەنی چەند پێنووسێک و دادەرێک (قەڵەمتراش - المخطاطة) دەبینین، بۆ ئەوەی بنووسین بەتایبەت بە پێنووسی دار پێویستمان بە تاشینی پێنووسەکە دەبێ، بۆ ئەم مەبەستە سوود لە دادەر دەبینین، شاعیر لەم وێنە شیعرییەدا بە هێما قسە دەکات، واتە ئەوانەی لە پشت سەرکەوتن و بەناوبانگبوونی کەسانی ترەوەن هەمیشە وەکوو سەربازێکی ونن، هەمیشە کەسێکی سەرکەوتوو پاڵپشتێکی هەیە کە ونە تەنها کەسەکە بە ماندووبوونەکانی دەزانێ، بچووکترین نموونە لە جەنگەکاندا ئەوانەی لە ڕیزی پێشەوەی بەرگری و شەڕن، هەمیشە ناویان ونە، بەڵام بەرهەمەکەی کەسانی سەرکردە و بەرپرس دەیخۆن، هەمیشە ڕێزلێنان لە بەرپرسەکان بەخشراوە نەک ئەو سەربازانەی کە لە ڕیزی پێشەوەن سینگیان ڕووبەڕووی فیشەک کردۆتەوە، بەڵام ئەوە بەرپرسەکانن ڕێزیان لێ دەگیرێ و دەهێنرێنە بەرچاوان و بەرهەمەکە دەخۆن.

## ئەنجام

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەمان گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- وێنەی شیعری بابەتێکی نوێ نییە، بەڵکو هەر لە قۆناغی کلاسیکەوە شاعیران گرنگیان بەم بابەتە داوە، بەڵام لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا وەکو چۆن ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعر گۆڕانی بەسەردا هات، بە هەمان شێوەش (وێنەی هونەری) گۆڕانی بەسەردا هات.

٢- بینینی دیمەنی سروشت و کارەسات و جەنگەکان و ڕووداوەکانی ڕۆژانە ئەمانە هەموو دەبنە هەوێنی شیعر، لای شاعیر و شاعیریش بەپێی توانا و ئەندێشە و خەیاڵی تایبەتی خۆی، دەیانکات بە بابەتی شیعری و وێنەی شیعرییان لێ دروست دەکات.

٣- دیوانی (جۆلانە و سێدارە)ی (کازم کۆیی)، هەموو جۆرەکانی وێنەی شیعری (بینین، بۆنکردن، دەستلێدان، بیستن، تامکردن) تێدا بەرجەستە کراوە، شاعیر توانیویەتی بەپێی ئەو دیمەن و ڕووداوانەی بەرچاوی کەوتوون، توانیویەتی وێنەی هونەری سەرنجڕاکێشیان لێ دروست بکات، شیعرەکانی پێ برازێنێتەوە.

## ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ وەرگیراوە:


١- ئەحمەد، پەخشان عەلی (٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٢- گەردی، سەردار ئەحمەد، (٢٠٠٤)، بنیادی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

٣- گەردی، ژوان عەبدولسەلام عەزیز، (٢٠١٨)، شێواز لە شیعری کامەران موکری لەژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی ((فیلۆلۆجی لیۆ شپیتزەر))دا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر.

٤- فەیزی، گۆران سۆران، (٢٠٠٦)، باری ئەدەبی کوردی لە شاری هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩٣٥-١٩٥٨)، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

٥- کۆیی، کازم، (١٩٩٦), جۆلانە و سێدارە، چاپخانەی زانکۆی سلاحەدین، چاپی یەکەم، هەولێر.



**سەهەند نالی**

# "برۆ" لە شیعری کلاسیکی کوردیدا (نالی، مەحوی، وەفایی) بە نموونە

## پێشەکی

دونیای شیعری کلاسیک زۆر فراوانە، شاباڵی دەوێت. هەرچەند لەمەڕ شیعری کلاسیکی کوردی بنووسرێت، لێکۆڵەران لەژێر باری منەتی دەرنایەن و هێشتان قەرزاری هۆنەرانی ئەو قۆناغەین لەو ئەدەبەمان. ئەم توێژینەوەی من دەربارەی شیعری کلاسیک زۆر کەمە، هیوادارم حەقی خۆیم دابێتێ. هەرکاتێک دەستم بردبێت بۆ نووسین دەربارەی شیعری کلاسیک توشی سڵەمینەوە هاتووم. برۆ کەرەسەیەکی گرنگی شیعری کلاسیک بووە جێگای سەرنجم، بۆیە بڕیارم دا توێژینەوەیەکی کورتی لەسەر بنووسم. بۆ سنووردارکردنی باسەکەیش تەنیا نموونەی شیعریی سێ شاعیری کلاسیکم وەرگرتووە، ئەوانیش (نالی، وەفایی، مەحوی)ن، دیاریکردنی هەندێک نموونەی شیعری و دواتر تێکەڵکردنیان بە هونەری لێکچواندن لە زانستی ڕەوانبێژیدا.

## ڕێبازی کلاسیک

**بەشی یەکەم: ئەدەبی کلاسیک**

یەکەمین ڕێبازی ئەدەبییە، مێژووی سەرهەڵدانی ئەو ڕێبازە ئەدەبییە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی شۆڕشی فەرەنسی (ڕێنساس) " یەکێکە لە دیارترین ڕێبازە ئەدەبییەکان، لە سەدەی ١٦دا لە ئیتاڵیا سەری هەڵدا و، لە سەدەی ١٧دا لە فەڕەنسا پەرەی سەند. هۆکاری دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی فەرەنسا لە مەیدانی ئەدەب و هونەردا. ئەدەبیاتی ڕیالیزم لەسەر بنەمای زیندووکردنەوە و لاساییکردنەوەی ئەدەبیاتیکۆنی یۆنانی و ڕۆمانی دروست بووە، هاوکات چەرخی ڕێسناسیش هۆکارێکی بەهێز بووە بۆ گەشەپێدان و بڵاوبوونەوە و زاڵبوونی ئەدەبەکە.

بە گشتی کاری لەسەر زیندووکردنەوەی شاکارەکانی (ئەفلاتون و ئەرستۆ و هۆراس و سۆفۆکلیس و ئەرستۆڤانی یۆنانی) دەکرد کە ماوەیەکی زۆر لەلایەن کلێساوە قەدەغە کرا بوون بە بیانووی ئەوەی دژ بە مەسیحییەتە." کلاسیک وەک ناوێک بۆ یەکەمین ڕێبازی ئەدەبی چەند واتایەک هەڵدەگرێت، لێکۆڵەران هەمیشە هەوڵی لێکدانەوە و شیکاریی زیاتریان بۆ داوە. "لە بارەی ڕەچەڵەکی زاراوەی کلاسیزم چەندین بۆچوونی جۆراوجۆر هەن:

١ ـ لە «کلاسیسکاس»ەوە هاتوە کە بە واتای چین دێت.

٢ ـ لە لاتینەوە هاتووە کە بە واتای پارچەیەکی کەشتی دێت." (پیرباڵ، ٢٠٠٤، ١٥).

دواتر ناوی ڕێبازی کلاسیک گۆڕانکاریی بەسەردا هات، بە شێوەیەک لە سەردەمێکا هەڵگری واتایەک بووە، دواتر واتایەکی تر، بە گشتی دابەشی شەش قۆناغ کراوە " واتای زاراوەی کلاسیزم قۆناغ لە دوای قۆناغ پەرەی سەندووە و واتای تازەی پەیدا کردوە، لەوانە:

١ـ لە زمانی هاوچەرخی ئینگلیسی و فەرانسەویدا، بە واتای پۆل بەکار دێت.

٢ـ لە سەدەی بوژانەوە (ڕێنێسانس)دا و بە تایبەت لە لایەن هوومانیستەکان، (ئۆمانیست)ەکانەوە، کلاسیک بە شاکارە رۆمانی و یۆنانییەکان ئەوترا.

٣ـ ئەو ئەدەب و هونەرە دەگرێتەوە کە لە سەدەی حەقدەمدا باو بووە..



٥ـ ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە لە سەر ڕێساکانی نووسەرانی گریک (ئەسکیلۆس و ئۆرپیید و سۆفۆکلیس و ئەرەستوو) دەڕۆیشتن.

٦ـ ئەمڕۆش کلاسیک بە هەموو ئەو بەرهەمانە دەوترێ کە پەسەند و ڕەسەن و دانسقەن، هەروەها بەو بەرهەمانەی پێش ڕۆمانسیزم سەریان هەڵداوە.

(پیربال، ٢٠٠٤، ١٥).

ئەدەبی کلاسیکی ئەوروپی بۆ چینێکی باڵا نووسراوە، هەمیشە لەخزمەتی چینی ئەرستۆکراسیدا بووە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بەکارهێنانی زاراوەی کلاسیزم ئەوەیان بە ڕوونی بۆ دەردەکەوێت "یەکەم جار نووسەری ڕۆمانی، ئۆلیژیلۆس (Auliscellius) بوو، کە لە سەدەی ٢ی زایینda، لە کتێبی "شەوانی ئەتیکا" ئەم زاراوەی بەکارهێنا. ئەمەش لە دوو شوێنی جیادا:

١- Scripter Classicus واتە: نووسراوی چینی سەرەوە.

٢- Proletaries Scriptor واتە: نووسراوەی چینی پرۆلیتاریا.

ئەم دوو شێوە بەکارهێنانە، خۆی لە خۆیدا سیفەتێکی چینایەتیی دایە ئەدەب: ئەدەبی کلاسیکی دایە پاڵ چینی سەرەوەی کۆمەڵ." (پیربال، ٢٠٠٤، ١٦) هەموو ڕێبازێکی ئەدەب دەستوور و تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە ڕێبازەکانی تر.

## دەستوور و یاساکانی کلاسیزم:

١ـ لاساییکردنەوەی سروشت

٢ـ لاساییکردنەوەی کۆنینەکان

٣ـ کۆن گێرانەوە

٤ـ عەقڵانییەت

٥ـ فێرکەر و خۆشبین

٦ـ ڕوونی و کورتبێژی

٧ـ لەڕاستیچوون

٨ـ مەوزووعی بوون

٩ـ نەزاکەتی ئەدەبی

١٠ـ قانوونی سێ یەکێتییەکان:

١١ _ یەکێتیی بابەت

١٢ _ یەکێتیی کات

١٣ _ یەکێتیی شوێن

ڕێبازی کلاسیک گەورەترین ڕێبازی ئەدەبی و یەکەمین ڕێبازی ئەدەبی تا سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانتیک بەبەهێزی مایەوە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم ڕووی لە کزی کرد، ئەوەش لەبەر ئەوەی تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانسیزم پێچەوانەی کلاسیزم بوون.



## ئەدەبی کلاسیکی کوردی:

بە شیعری کلاسیکی کوردی دەوترێت، لەو کاتەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی دیارە، هەتاوەکو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و قۆناغی دوای کلاسیکی نوێ. "کلاسیزمی کوردی ئەو ئەدەبە کوردییە کۆنەیە، بە شیعر لە سەدەی یازدەهەم تا جەنگی جیهانیی یەکەم لەسەر سیستەمی عەروزی نووسراوەتەوە. ئەدەبێک بوو، لەسەر بنج و بناوانی ئەدەبی ئیسلامی و ئەدەبی ڕەسەنی خۆماڵی دامەزراوە. ئەو ڕێبازی کلاسیزمەی لە ئەدەبی کوردیدا بەدی دەکرێت، جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەل ئەو ئەدەبە کالسیزمەی لە ئەوروپا بەدی کراوە. ڕێبازی کالسیزم لە ئەوروپا سەرچاوەی لە ئیلهام وەرگرتووە، لاسایی بۆچوونەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆ و هۆراس بووە و پەیڕەوکردنی یاسا و دەستوری یۆنانی و ڕۆمانییەکان بووە. لە خزمەتی دەرەبەگ بووە و بە شانۆ و چیرۆک و رۆمان و... دەربرراوە. هەرچی شاعیری کوردەکانن، سەرچاوەی بەرهەمەکانیان (دڵ)ە، نووسینەکانیان پڕ سۆز و هەستە، هیچ بنەمایەکی فەلسەفیی نییە. شیعر بەلای شاعیرانی (کالسیزمی کوردی) وەک پیشەیەک وا بوو، بەهەوڵ و ماندووبوون، خۆیان فێری هونەری ڕەوانبێژی و زمان و زاراوەی تر دەکرد. بەتایبەتی کاریگەریی سەعدی شیرازی و کەلیمی هەمەدانی و زۆرانی تر بە شیعری کلاسیزمی کوردییەوە دیارە. کلاسیزمی کوردی لە سەدەی نۆزدە کۆتایی دێت، لە کاتێک کلاسیزمی ئەوروپی لە سەدەی هەژدە کۆتایی دێت. واتا کورد ئەدەبی کلاسیزمی نییە و وا باشترە پێی بوترێ ئەدەبی کۆن. نمونەی ئەدەبی کوردی کۆن(کالسیزم): گرنگتیرین و یەکەمین شاعیری کالسیزمی کوردی بابا تاهیری هەمەدانییە، بە شێوەزاری لوڕی نووسیویەتی. لە میری ئەردەلان، بە زاری گۆران، محمد عەبدلقاسم ناسراو بە مەلای پەرێشان. لە سەدەی شازدەهەم میرنشینی جزیرە، زاری نووسینی کرمانجی ژووروو بووە، بە تایبەتی شێوەزاری بۆتان. شاعیرانی گەورەی وەک نالی و سالم و کوردی، هەر سەر بەو ڕێبازەن." پیرباڵ، ڕێبازە ئەدەبییەکان." سێ قوتابخانەی گەورەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی هەن.



## ١ـ قوتابخانەی بابان:

دروستبونی میرنشینی بابان لە ناوچەی سلێمانی لە سەدەی حەڤدەی زایینی: دەستکەوتێکی گرنگە بۆ حکومڕانیی کوردی لە ناوچەکەدا، لە سەردەمی دوو زلهێزی گەورەی جیهانی. بابان میرنشینێکی گەورەی کورد بوو لە ناوچەکەدا، پێشکەوتنەکانی لە سەرجەم بوارەکان بووبووە جێگای ئومێد بۆ خەڵکی ناوچەکە. ئەم پێشکەوتنە بواری ئەدەبی و فیکریشی گرتەوە. لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە لەو کاتەی کە پایتەختی میرنشینەکە لە قەلاچوالانەوە گواسترابووەوە بۆ سلێمانی: قوتابخانەیەکی هەرەگەورەی ئەدەبیی کوردی سەریهەڵدا، بە ڕابەرایەتیی (مەلا خدری نالی)، دواتر بە بەشداریی هەر یەکە لە مستەفا بەگی کوردی و عەبدولڕەحمان بەگ ''سالم'' قوتابخانەکە فراوانتر بوو و درێژەی کێشا. هاوکات هەر یەکە لە (نالی، سالم، کوردی) بە سێکوچکەی بابان ناو دەبرێن. کە خۆم هۆکاری ناونانیان بە سێکوچکە بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە؛ جیاوازیی جوگرافیی نێوانیان هۆکاری ئەوە بێت. کە لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لە شێعرەکانیان دەرکەوتوە کە نالی لە شام بووە بە بەڵگەی قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم..)، کوردی لە سلێمانی بووە، سالم بەگیش لە ئێران لەگەڵ دڵ شەرتە سالم نەجاتم بێ گەر لە تارانا بەهەشت ئەر بێتە دەشتی ڕێی بە ئێرانا گوزەر ناکەم (سالم، ١٤٠٠، ٣١٥). لە ناوچەی میرنشینی بابان و تا پەیدابونی ئەم قوتابخانەیە؛ کورد هیچ بڵاوکراوەیەکی نەبوە بە زمانی کوردی یا گەر هەشبوبێت نەماوەو تیا چوە. کاتێک ئەم قوتابخانەیە دامەزرا؛ یەکەمین تابوشکێنیی ئەوە بوو زمانی بەکوردینوسینی ڕاگەیاند. ئەم قوتابخانە ئەدەبییە دابەش دەبێت بۆ دوو قۆناغ:

١ـ قۆناغی کلاسیکی کۆن: ئەم قۆناغە سەرەتاکانی نووسینی ئەم ڕێبازە بە شێوەزاری بابان دەگرێتەوە. شیعرەکان وشەی عەرەبی و فارسییان زۆر تێدا بەکار دەهات، شاعیران زۆر لەژێر کاریگەریی کولتووری ئەدەبی وڵاتانی تردا بوون. شاعیرانی ئەم قۆناغە وەکوو (نالی، سالم، کوردی، مەحوی، شێخ ڕەزا...).

٢ـ قۆناغی کلاسیکی نوێ: بیری نەتەوایەتیی کوردی و لاواندن و چوونە خزمەت نیشتمان لەم قۆناغە سەریهەڵدا، شاعیران لە وشەی بیانی تەکینەوە و، زیاتر گرنگییان بە زمانی کوردی دەدا. بیری شۆڕشگێڕی و خەمخۆری بۆ خاک و زمان و نەتەوە بووبووە سیمایەکی دیاری ئەم قۆناغە، وەکوو لای حاجی قادر و ئەحمەد موختار بەدی دەکرێت.






## ٢. قوتابخانەی گۆران:

ئەم قوتابخانە شیعرییە کلاسیکییە کوردییە؛ لە سەدەی چواردەهەمی زایینی لە ناوچەی میرنشینی ئەردەلان سەریهاڵدا. نوسەرانی کورد لەم قوتابخانەیەدا؛ بە نوسینی شیعر پەیامی خۆیان گەیاندوە و هەست و سۆزی خۆیان دەربڕیوە. نوسین لەم قوتابخانەیە بە زمانی کوردی و شێوەزاری گۆران بووە. ئەدەبی نوسراوی ئەم قوتابخانەیە بە سامانێکی گرنگی ئەدەبی کوردی دادەنرێت. ئەوەی جێگای باسە ئەوەیە کە ئەم قوتابخانە ئەدەبییە جیا لە دوو قوتابخانە ئەدەبییەکەی تر؛ گرنگیی نەداوە بە هێنانە ناوەوەی فۆڕمی شیعریی بێگانە. بە جوتسەروا و کێشی پەنجەیی خۆماڵی شیعرییان نووسیوە. ناودارترین شاعیرانی قوتابخانەکە و کاریگەرترینیان بریتین لە (بێسارانی١٦٤١-١٧٢٠ز، خانای قوبادی١٧٠٠-١٧٥٩ز، سەیدی هەورامی١٨٤٨-١٨٧٥ز، مەولەوی١٨٠٦-١٨٨٢ز... هتد).

## ٣. قوتابخانەی بۆتان:

ئەم قوتابخانەیە لە سەدەی ١٧-١٨ زایینی لە جزیرەی بۆتان سەریهەڵدا. ئەدەبیات بەگشتی شیعر بوو؛ بە دیالێکتی کورمانجیی سەرو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دیالێکتی کورمانجیی سەرو ئەدەبیاتی بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە پێ نوسراوە، وەک بەرهەمێکی کلاسیزمی. شاعیرانی کوردی ئەم قوتابخانەیە کاری گەورەیان بە ئەنجام گەیاندووە، بە نموونە مەلای جزیری وەک شاعیرێک و وەک ڕابەری ئەم قوتابخانەیە بە یەکەمین شاعیر دادەنرێت کە فۆڕمی غەزەل و قەسیدەی هێنایە ناو شیعری کوردییەوە، هاوکات یەکەمین شاعیریشە کە کێشی عەروزیی عەرەبی لە دیالێکتی کورمانجی بەکار هێناوە. گرنگترین شاعیرانی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە (عەلی حەریری١٥٣٠ز، فەقێ تەیران١٥٦٣ز، مەلای جزیری١٥٧٨ز، ئەحمەدی خانی١٦٥٠ز). شایانی باسە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، جیا لە ژانری شیعر؛ ژانری پەخشان نوسرا، لەلایەن ''مەلا مەحمودی بایەزیدی''.



## بەشی دووەم: تەوەری یەکەم:

**"برۆ" وەکوو ئەندامێک:** ئەندامێکی بچووکی جەستەی مرۆڤە "ڕیزەموویەکی کەوانەییە بەسەر کالانەی چاوەوە." (خاڵ، فەرهەنگی خاڵ) دەکەونە بەشی سەرەوەی چاو، بە شێوەیەکی گشتی دوو ڕۆڵ دەبینێت:

١ـ ڕێگریکردن لە ئارەقە و پیسیی نێوچاوان بۆ گەیشتن بە چاو.

٢ـ بۆ دەربڕینی هەستوسۆز، شێوەی دروستبوون و هەڵکەوتەی شوێنەی یارمەتیدەرە بۆ دەربڕینی هەست و ئاراستەکردنی بەرانبەر، ئەوەش بەهۆی باشیی شوێنەکەیەتی لە جەستەدا. لە بەشەکانی داهاتوودا باس لەوە دەکەین.

**"برۆ" لە زمان و فەرهەنگی کوردی:**

برۆ لە ئاڤێستا بە برووت، برڤەت تۆمار کراوە، ئەمانەشی پێ وتراوە (ئەبروو، برڤێ، بری، برە، برویٚ).

**١ـ برۆپەیوەست:**

**من برۆی پەیوەستی ئەو نازدارە شیر و تیرمە**

**پرچی لوول و زوڵفی ئاڵۆز کۆتە و زنجیرمە**

**قۆژبنی مەیخانە دایم گۆشەیی تەدبیرمە**

**سوجدە بردن بۆ نیگایە کردەوە و تەفکیرمە**

**کەی بە سەیحەی من ئەگا جزبەی موریدی خانەقا**

**شەیخی ئەو پیر و موسینە من جوانیٚ پیرمە**

(دیلان، ٢٠١٣، ٥٨)

٢ـ برۆتێکنان: گرژکردن و هێنانەوەیەکی هەردوو برۆیە، کاردانەوەیەکە بەرانبەر شتێک کە بە دڵی نەبووبێت.

**بۆچ برۆم لێ تێک دەنێی، ڕووت وەردەگێڕی چاوەکەم**

**قیبلە گۆڕا، کابە کەچ بوو، ماچێکم لەو لێوە دا؟!**

(وەفایی، ١٩٧٨، ١٣)

٣ـ برۆکەوان: چەماوەی برۆ وەکوو کەوان.

**ئەبرۆت وەکوو کەوانە**

**ئەمنی کرد بە دێوانە**

**نیشانەی خاڵی ئەبرۆت**

**بۆ سەر دڵی من جوانە**

٤ـ برۆقەیتان (قەیتان): لە فەرهەنگی خاڵ بەم شێوەیە واتای هاتووە:

**(چەند تاوە دەزوو یا ئاوریشمێکی هۆنراوەیە دەگیرێ بەلێواری هێندێ کاڵادا).**

٥ـ برۆی سێتاق: ئەو برۆیەیە کە لەنێوان هەردوو برۆیاندا هەیە و تێکەڵیان دەکات.

**ئەی سەروی بوڵەند قەدد و، برۆ تاق و، مەمک جووت!**

**کێ دەستی دەگاتە بەی و ناری نەگەیشتووت؟!**

(نالی، ٢٠٠٥، ١٢١)

# تەوەرەی دووەم:


## "برۆ" لە شیعری کلاسیکی کوردیدا:

شیعری کلاسیکی کوردی بە زمانێکی باڵا نووسراوە، چەندەها سرڕ و نهێنیی تێدایە، بە ڕادەیەک ئەگەر خوێنەرێک پاشخانێکی خوێندنەوەی نەبێت، ناتوانێت بە هاسانی تێی بگات. ڕوحێتییەکی باڵایی بەدی دەکرێت لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، بە ڕادەیەک نووسەرێکی وەکوو (تەحسین حەمەغەریب) دەڵێت: "ئێمە وەکوو کورد فەلسەفەیەکی نووسراومان نییە، وەکوو گەلانی تری خاوەنفەلسەفەی تایبەت و قوتابخانەی فەلسەفی بین، بەڵام دەتوانم بڵێم فەلسەفەی کورد لە شیعرە کلاسیکییەکاندایە!"

شیعری کلاسیکی فەرهەنگێکی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆ تێگەیشتن و گەیشتن بە بنجوبناوانی شیعرەکان و مەبەستی شاعیر، پێویستمان بە زانینی ئەو ڕەمز و وشە فەرهەنگییە قووڵانە هەیە "فەرهەنگی تایبەتی سەر بە وشەکانی شیعری کلاسیکی کوردی فەرهەنگێکی دەوڵەمەند و فراوانە، وەک سەرچاوەیەکی زمان و زاراوە و دەربڕین هەموو یەکێکیان بەپێی توانا و پێویست و کەرەسە زەخیرەی لێ وەرگرتووە و،بۆ مەبەستی شاعیرانەی خۆی بەکاری هێناوە. بەتایبەتی لە ئاقاری لێچوونداً، لەم فەرهەنگەدا، تێکڕا هەموویان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون، کە بۆ نموونە: چاو نێرگسە، برژانگ تیرە، برۆ کەوانە، ڕوومەت گوڵە، لێو خونچە یا لەعلە، خاڵ قولەڕەش و عەبەشزادەیە، زوڵف کافر یا شەوەزەنگە، پرچ ڕەشمار، دەم زەمزەمە، باڵا سەروە... هتد.

ئەم لێچوونانە بە چەشنێ ڕەگیان داکوتاوە و باو بوون، کە هیچ شاعیرێک لێیان لای نەداوە، تەنیا چەشنی دەربڕینی ئەو شاعیرە لەگەڵ شاعیرێکی تر جیاوازیی هەیە." (فەلاح، ١٣٨٣، ١١)

برۆ لە شیعری کلاسیکی کوردیدا چەند ڕەمزێکی تایبەتی بۆ دانراوە، کە هەموو شاعیران لەسەری ڕێک کەوتوون و، پێڕەویان لێ کردووە، بۆ نموونە (برۆ تیرە، کەوانە، خەنجەرە، هیلالە... هتد) ئەمەش لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازە. ناونیشانی توێژینەوە زۆر گشتگیرە، لە ماوەیەکی وەها کورت و سنووردارێی توێژینەوەکە لە ڕووی نووسینەوە، تەنیا سێ شاعیری کلاسیکی وەردەگرین، ئەوانیش (نالی، وەفایی، مەحوی)ن.



# نـــالـــی:

مەلا خدر، سەرمەشقی قوتابخانەی کلاسیک و خاوەنی شۆڕشی بەکوردینووسین، پلەوپایەیەکی گەورەی لەنێو ئەدەبی کوردیدا هەیە، شاعیرانی دوای خۆیشی بە چاوێکی باڵاوە لێیان ڕوانیوە و شانازییان کردووە بە لاساییکردنەوەی. برۆ لای نالی لە ئاستێکی باڵادایە، وەکوو جوانترین ئەندامی مرۆڤ دەکەوێتە تاریفکردنی.

**ئاسمانی حوسنی مەحبووبەم لە ئەبرۆ و زوڵف و ڕوو**
**دوو هیلال و دوو شەو و دوو ماهی تابانی هەیە!**

(نالی، ٢٠٠٥، ٤٧٦)

نالی شارەزایانە بۆی یاری چواندووە بە هیلال‌مانگی تازە، ئینجا فەزلی یارەکەی دەدات بەسەر ئاسمان و جیهان، گەرەکیەتی بڵێ: یارەکەی من لە ئاسمانیش باڵاتر و بەرزترە، زەوی مانگێکی هەیە کە لە ئاسماندایە، کەچی ئاسمانی ڕووی یارەکەی من دوو مانگی هەن! ئەوە لەپاڵ ئەوەیدا دوو کوڵمەکەشی بە مانگی چواردووە چواندوون، لەوەشا دوو ماهی تابان، دیسان فەزڵی داوە بەسەر ئاسماندا. هەروەها لە چواندنی زوڵفی یاریشی بە تاریکی و شەو هەمان کاری کردووە.

**بۆ ماچی دەمی ڕەنگە لە عیشوەی خەمی ئەبرۆی**
**جۆیایی بەقا خۆی لە دەمی تیغی فەنا دا!!**

**(نالی، ٢٠٠٥، ٦٤).**

واتا: ناز و غەمزەی کەوانی ئەبرۆی ئەوەندە دڵراکێشەرە، لەوانەیە ئەوەی بەتەما بێ بگاتە کانیی ئاوی حەیات (دەمی یار) تا لێی بخواتەوە و نەمرێ، گوێ نەداتە ئامانجەکەی خۆی کە نەمردنە و بۆ گەیشتن بەو کانییە خنی بداتە بەر تیغی برۆی یار و لە پێناوی ژیانا بمرێ! (نالی، ٢٠٠٥، ٦٤).

**یلاحی پەرچەمی پڕ خەم، ئەگەر تارە و ئەگەر مارە**
**برۆ و غەمزەی کەوان و تیر ئەگەر هەودا و ئەگەر مەودا!!**
**(نالی، ٢٠٠٥، ٦٦).**

**چاوت لە برۆ یەعنی لەژێر تاقی نەزارەت**
**بێپەردە عەیان دێتە تەکەللوم بە ئیشارەت!**
**(نالی، ٢٠٠٥، ١١٥)**

نالی زانایانە، برۆی یاری کردووە بە تاقی نەزارەت، واتا پەنجەرەی هیلالی وەزیری! ئەڵێ لەو ژێر تاقەدا چاوت ئیشارەت دەدات! ئەمە بەڵگەی شارەزایی نالییە لە زمانی جەستەدا، کە باس لە هێما و جوڵاندنی چاو دەکات.

**گوتم ئایا بە زاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من؟**
**برۆی هێنایە یەک وەک شکڵی لا، یەعنی کە بێزارم!**
**(نالی، ٢٠٠٥، ٢٢٠)**

زۆرێک قسە لەسەر زیاتر لە مەبەستێک لە شیعری نالیدا کراوە، بەهۆی لێزانیی لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و شارەزایی زمانییەوە. لەم دێڕەدا ئەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت؛ پرسیویەتی ئایا بە زار (دەم)ی خۆت، دەپرسی حاڵی زار (لاواز)ی من؟ یارەکەی تەنیا بە زمانی جەستە وەڵامی داوەتەوە، برۆی لێکناون، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە بێزارم، یان بۆیە بە برۆ وەڵامم داویەتەوە، چونکە زار (دەم)م نییە بۆ قسەکردن! ئیتر "برۆ" لە شیعری نالیدا قسەی زۆر زیاتر هەڵدەگرێت، ئێمەش بەهۆی کەمی سنووری توێژینەوەکەمان بەم چەند نموونەیە دەست هەڵدەگرین.



# وەفـــایـــی:

میرزا عەبدوڕڕەحیمی سابڵاخی، بولبولە جوانەکەی تەریقەتی قادری و سوتاوی ڕێگەی خۆشەویستی، دەرکراوی باخی ناز و، پەروانەکە سوتاوەکە!

**لەبەر تاقی برۆت بمرم چ نابێ**
**کە من شا بم لە بن باڵی هومادا!!**
**(وەفایی، ١٩٧٨، ١٩)**

دوو برۆی یاری چواندووە بە باڵی باڵندەی هوما، ئەگەر بکەوێتە ژێر دوو برۆی یاری وەکوو ئەوە وایە لەژێر باڵەکانی هومادا بێت! (هوما باڵندەیەکی ئەفسانەیی ئەفسانەکان و ئەفسانەیی ئێرانییە هەرچەندە لەزۆر ئەفسانەکان بوونەوەرەکە هەیە، بەڵام لای هەمووان ئەوەیە کە ئەو باڵندەیە دەگوترێت کە هەرگیز لەسەر زەوی ناحەسێتەوە، و لە جیاتی ئەوەی هەموو ژیانی خۆی بە شێوەیەکی نادیار بەرز بەسەر زەویدا دەفرێت. هوما ناسراوە بە بەخشینی دیارییە بەنرخەکان لەسەر ئەوانەی کە پێویستیانە."

لە ئەدەبی کوردیدا هوما باڵندەی بەختە، هەمیشە شاعیر لیقا و مەیلی یاری بە باڵندەی هوما چواندووە.. ناری دەڵێ:

**باڵی هـوما، سێبەری زوڵفی پەرێشانی ژن**
**نامەیی مشکی خەتا پەرچەمی ئەفشانی ژن!**
**(ناری، ١٣٨٣، ٩١).**

**هاتمە بەر ئەبرۆت و ناسووتێم لە سایەی خەتتی ڕووت**
**ئایەتە: "چی داخڵی کەعبەی بوو، نایێ ترس و خەم!"**
**(وەفایی، ١٩٧٨، ١٥٥)**

وەفایی برۆی یاری چواندووە بە کەعبەی پیرۆز، دەڵێ من خۆم داوەتە پەنای برۆت و لە شەوقی ڕووت ناترسم، کە بمسووتێنێ! چونکە ئایەت و قسەی خوای گەورەیە دەفەرمووێ: ئەوەی هاتە کەعبەوە ئیتر ناسووتێت، با نەترسێت!

**بۆچ برۆم لێ تێک دەنێی، ڕووت وەردەگێڕی چاوەکەم**
**قیبلە گۆڕا کابە کەچ بوو، ماچێکم لەو لێوە دا؟!**
**(وەفایی، ١٩٧٨، ١٣)**

وەفایی ماچێکی لێوی یاری کردووە، یارەکەی برۆی لێ تێکناوە.



# مــەحــوی:

پەروانەکەی تەریقەتی نەقشبەندی و بولبولەکەی ڕووی مەولانا خالید. برۆ لای مەحوی کەرەسەیەکی گرنگی شیعرییە، بۆ گەلێ مەبەست بەکاری هێناوە.

**ئەو کە دڵ دوو قەت دەکا شیعری برۆی**
**ئیکە خەنجەر بۆ بەقەد خۆیا دەکا؟**
**(مەحوی، ١٣٨٧، ٥٦)**

ئیکە خەنجەر بۆ بەقەد خۆیا دەکا؟
لێرەدا برۆی یار بووەتە خەنجەر و دڵی مەحویی کردووە بە دوو لەتەوە، ئیتر چ لازم دەکا یار خەنجەرێکی دی بەکار بهێنێت؟!

**شوکر هەر مامەوە بۆ یادگاری**
**بە کاری زەخمەکەی شمشێری ئەبرووت**
**لە غەمزەی چاوت ئەبرۆ و داگرە و بەس**
**مەکە بۆ قەتڵی عاشق، ڕەنجە بازووت**
**(مەحوی، ١٣٨٧، ١١٦)**

دیسان برۆی یار مەحویی کوشتووە و، کردوویەتییە خانەی یادگارییەوە، مەحوییش لەسەر ئەمە شوکرابژێریی خوا دەکات! کاتێک ویستت یەکێک لە دڵدارەکانت بکوژی؛ پێویست ناکا هێزی بازووت بەکار بهێنیت، تەنیا جارێک برۆت داگرە و بەس!

ئەمجارەیان برۆی یار بووە بە شمشێر و مەحویی کوشتووە و، کردووەتییە خانەی یادگارییەوە.

**برۆی ئەو شۆخە ئەمڕۆ تێغی کێشا**
**نەجاتی دا، بە ڕەحمەت هەرچی بەرکەوت**
**(مەحوی، ١٣٨٧، ١٢٣)**

ئەمڕۆ برۆی یار لە کالان دەرهاتووە و تێغی کێشاوە، ئەوەی بەری کەوت، نەجاتی بوو!

**١ـ وتم: بێباکە بۆ خوێنڕێژی، ئەبرۆت**
**وتی: تێغ ئەز بڕش ناکا حەیا قەت!**
**(مەحوی، ١٣٨٧، ١٢٤).**

**٢ـ خەتی پشتی لەبی دی، بوومە چار ئەبرۆ وتی، وتمان**
**کە هەرکەس بەختیارە، ئیختیاری چار یاری کرد!**

**٣ـ وا مشەوەش بوو کە میحرابی برۆتی دی ئیمام**
**ئیزنی خەڵکی دا، کە دونیا ئاخیرە بۆ دێنە نوێژ؟**
**(مەحوی، ١٣٨٧، ١٧٤)**



## بەشی سێیەم: تەوەری یەکەم: ڕەوانبێژی

**ڕەوانبێژی: بریتییە لەو وتە ڕەوان و کاریگەرییەی لەگەڵ بارودۆخی گوێگر یان خوێنەر بگونجێت بۆ ئەوەی مەبەستەکەی بە ڕوونی بەخوێنەر یان گوێگرەکە بگەیەنێت و، چێژی پێ ببەخشێت و کاری تێ بکات. ئەمەش دەبێت نووسەرەکە لێزان و شارەزایانا وشە و دەقەکان لە بار و داڕشتنی تۆکمە و ڕێکخستنی ژیربێژییانە بنووسێت. ڕەوانبێژی لەلایەن هەر گەلێکەوە بە شێوەیەک پێناسە کراوە، ئەگەر سەیری پێناسەی هەندێک لە میللەتان بکەین ڕەنگە تێگەیشتنێکی بەرچاومان بۆ دروست ببێت:**

"١ـ فارس: باوەڕی وایە کە ڕەوانبێژی لێکجیاکردنەوەی (فصل) و (وصل)ە .

٢ـ یۆنان: ڕەوانبێژی دابەشکردنی دروست و گونجاوە لەگەڵ هەڵبژاردنی وشەی پوخت و جوان.

٣ـ ڕۆم: ڕەوانبێژی کەمگۆییە لە شوێنی ئاشکرا و درێژبڕییە لە شوێنی ڕێسەدا.

٤ـ هیند: ڕەوانبێژی بریتییە لە دەربڕینی هەست و سۆز بە ئاسانی و بە ئاشکرایی، لەگەڵ هەلوەرگرتن و هێما بۆ مەبەستکردن.

٥ـ عەرەب: ڕەوانبێژی کورتبڕیی بێ کەموکووڕی و درێژبڕیی بێ زیادەیە!

٦ـ کورد: بۆ ئەوەی بزانین کورد چۆن تەماشای ڕەوانبێژیی کردووە و بە چەندی هەڵگرتووە، قسە لە قسەی ئەو کوردە ئەکەین، کە ئامۆژگاریی کوڕەکەی ئەکرد و ئەیوت: "ڕۆڵە قسە بێگێژە، بیبیژە، بیوێژە!" واتا: ڕۆڵە، ئەگەر ویستت بدوێی و قسە بکەیت لە پێشدا وەکو چۆن گەنم ئەکەن بە سەراندا و ئەیگێژن، لە پاشاندا ئەیکەن بە بێژەنگدا و ئەیبێژن، ئەو وەختە پوخت ئەبێ و کەڵکی ئەوە ئەدا کە لە گەرۆمەی ئاش بکرێ و بکرێ بە ئارد... ڕۆڵە، قسەکەی تۆش با بەم چەشنە بێت.

پێش ئەوەی قسە بکەیت لێی ورد بەرەوە لە هەڵە و چەوتیی، لە شتی زیادە و نارەسەن پاکژی بکەوە، تا پوختە ئەبێ جا بە پوختەیی دەریبڕە. لەو ئامۆژگارییە بەنرخەدا دەردەکەوێت کە کورد حەزی لە قسەی پڕوپووچ نەکردووە و ناکا، هەر مەراقی پوختەییە، ڕەوانبێژیی ڕاستەقینەش وای ئەوێت" (گەردی، ١٩٧٢، ١٥).

برۆ و ڕەوانبێژیی کوردی پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە، برۆ بۆ گەلێ مەبەست بەکار هێنراوە، ڕۆڵی ڕەوانبێژیی زۆری بینیوە! جا لەبەر سنووردارێی توێژینەوەکەمان، زۆر ناپڕژێینە سەری، تەنیا سەرەکیترین هونەر باس دەکەن، کە پەیوەندییەکی قووڵی دەگەڵ برۆ هەیە، لە شیعری کلاسیکی کوردیدا.

لێکچواندن: هونەرێکی گرنگی ڕەوانبێژییە، هاسانترین و ڕوونترین هونەرە. لەگەڵ بوونی خاڵی وێکچوو لەنێوان دوو شتدا و، ئاماژەپێدانی لەلایەن هۆنەرەوە، لێکچواندن دروست دەبێت. "ئەگەر بتەوێ سیفەتێک بەلای کەسێکەوە یا شتێکەوە ساخ بکەیتەوە لەگەڵ پێشاندانی هوشەکاری و ئاشکراکردنی ئەو سیفەتە ئەچی بە شوێن شتێکی ترەوە ئەگەڕێی، کە ئەو سیفەتەی زۆر بە ئاشکرا تێدا بدرەوشێتەوە، جا وێچوونێک لەنێوان هەردووک شتەکەدا ئەبەستی بۆ ڕوونکردنەوە و دەرخستنی سیفەتەکە، کەوابوو لێکچواندن بەستن و پەیداکردنی وێچوونێکە لەنێوانی دوو شتا، بەهۆی هاوبەشبوونیان لە یەک سیفەتا یان زیاتر بۆ مەبەستێک یا چەند مەبەستێکی دیار" (گەردی، ١٩٧٢، ٢٢).

لێکچواندن چوار بنەڕەت و ڕەگەزی هەن:

"١ـ ئەبێ شتێک هەبێ، ئەو شتەش سیفەتێکی تیا بێ، ئەو سیفەتەش پێویست بە ئاشکراکردن و داگرتن بێت، جا بۆ ئەوەی ئەو سیفەتەی بەسەردا ساخ بکەینەوە دێین بە شتێکی تری ئەچوێنین، کە هەمان سیفەتی تیا بێ... ئەم شتەش کە خاوەنی سیفەتەکەیە پێی ئەوترێ (لێچوو).

٢ـ ئەبێ شتێکی تریش لەولاوە هەبێت کە سیفەتی لێچووی پێ ساخ بکەینەو و ڕوون بکەیتەوە، بۆیە ئەبێ ئەمەشیان هەمان سیفەتی تیا بێ، بەڵم بە جۆرێکی وا گەلێ لەو گەش و پرشنگدارتر بێ، ئەوەشیان پێی دەوترێ (لەوچوو).

٣ـ وتمان لێچوو و لەوچوو کە دوو لای لێکچواندنن دەبێ لە سیفەتێکا یەک بگرنەوە یا پەیوەندییەکیان لەنێواندا هەبێت، جا ئەو سیفەتە یا ئەو پەیوەندییە کە هەردوو لای لێکچواندن ئەگەیەنێتە یەکتری پێی دەوترێت (لێکچوون).

٤ـ جگە لە لێچوو و لەوچوو و لێکچوون، زۆرجار وشەیەک ئەهێنرێت وەکو ئەڵقەیەک سیفەت و پەیوەندیی ئەمسەر و ئەوسەر بەیەکەوە دەبەستێ، ئەو وشەیەش بە (ئەوزار) ناو دەبرێت." (گەردی، ١٩٧٢، ٢٥).

دەکرێت بۆ لێکچواندن لێکچوون و ئەوزار نەبن، بەڵم لێکچواندن بەبێ لێچوو و لەوچوو ناکرێت.



**ئاسمانی حوسنی مەحبوبەم لە ئەبرۆ و زوڵف و ڕوو**
**دوو هیلال و دوو شەو و دوو ماهی تابانی هەیە!**
**(نالی، ٢٠٠٥، ٤٧٦)**

برۆ: لێچووە.

هیلال: لەوچووە.

لێکچوون: مەبەست لە باریکیی هیلال و برۆی یارە.

ئەوزار: دەرنەکەوتووە.

**گوتم ئایا بە زاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من؟**
**برۆی هێنایە یەک وەک شکڵی لا، یەعنی کە بێزارم!**
**(نالی، ٢٠٠٥، ٢٢٠).**

برۆ: لێچووە.

شکڵی لا: لەوچووە.

لێکچوون: لە وێنەی "لا" بە نووسین، کە دوو فۆنیمەکە پێکداچوون و وێنەی برۆی یار بەو شێوەیەیان لێهاتووە.

ئەوزار: وەک.

**هاتمە بەر ئەبرۆت و ناسووتێم لە سایەی خەتتی ڕووت**
**ئایەتە: "هەرکەس داخلی کەعبەی بوو، نایبێ ترس و خەم!"**
**(وەفایی، ١٩٧٨، ١٥٥)**

برۆ: لێچووە.

کەعبە: لەوچووە

**هاتمە بەر ئەبرۆت و ناسووتێم لە سایەی خەتتی ڕووت**
**ئایەتە: "هەرکەس داخلی کەعبەی بوو، نایبێ ترس و خەم!"**
**(وەفایی، ١٩٧٨، ١٥٥)**

برۆ: لێچووە.

باڵی هوما: لەوچووە.

**وتم: بێباکە بۆ خوێنرێژی، ئەبرۆت**
**وتی: تێغ ئەز بڕش ناکا حەیا قەت!**
**(مەحوی، ١٣٨٧، ١٢٤)**

برۆ: لێچووە.

تێغ: لەوچووە

## ئەنجام:

لەبەر سنووردارییی توێژینەوەکە زۆر نەپڕژاینە سەر وردەکاریی باسەکە، بۆیە ئەوەندەی تیشکمان خستووەتە سەر هیوادارین جێگای قبووڵ بێت.  کۆکردنەوەی هەندێک باسی برۆ لە دیوانی شاعیرانی کلاسیکی وەکوو نالی، وەفایی، مەحویدا، کارێکی نوێیە. هیوادارم لە داهاتوودا ئەم باسە کاری زێدەتری لەسەر بکرێت

## سەرچاوەکان:

کاکەی فەڵاح، دیوانی ناری، ئینتشارات کوردستان-سنە، ١٣٨٣، سنە، چاپی یەکەم.
پیرباڵ، فەرهاد، ڕێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای ئاراس،٢٠٠٤، هەولێر، چاپی یەکەم.
گەردی، عەزیز، ڕوانبێژی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی دار الجاحض، ١٩٧٢، بغداد، چاپی یەکەم.
مودەڕیس، مەلا عبدالکریم، دیوانی مەحوی، چاپخانەی تەفسیر، ٢٠١٨، هەولێر،چاپی یەکەم.
نجاری، محمد سعید، دیوانی وەفایی، چاپخانەی ئینتشاڕات کوردستان، ١٣٨٩، سنە، چاپی یەکەم.
مودەڕیس، مەلا عبدالکریم، دیوانی نالی، چاپخانەی ئینتشاڕات کوردستان، ١٣٩٤، سنە، چاپی دووەم.

**موختار کوردی**

# دەروونزانی - کۆمەڵناسی

ژمارەی پێنجەم

ڕەزبەری ٢٠٢٤

## برینی دەروونی چییە ؟

برینی دەروونی (تڕاومای دەروونی) بریتییە: لەو ئازار و کێشانەی لە ڕابردووتدا بەسەرت هاتوون، بەڵام وەکو برینێک هێشتا ساڕێژ نەبوون، کاریگەری نەرێنی یان لەسەر دەروونت درووست کردووە. تڕاوما ئەو زەبرەیە بەر دەروونت کەوتووە بەهۆی ئازاری کێشەیەکەوە. برینە دەروونیەکانی ڕابردووت دەبنە هۆی تێکدانی ژیانی ئێستات، دەبنە هۆی شێواندنی (هەستەکانت، شێوازی بیرکردنەوەت، ڕەفتارەکانت). هەروەها کاریگەری نەرێنیان لەسەر کەسایەتی و جەو و میزاج و ئەخلاق و لایەنی ئاینیی و تەواوی دەروونت هەیە. تڕاوما یەکێکە لە سەرەکیترین هۆکارەکانی درووستبوونی نەخۆشییەکانی دەروونی و مێشک و دەمار. تڕاوما نەخۆشی دەروونی نییە، بەڵکو هۆکاری نەخۆشی دەروونیە. بۆ نموونە، تۆ دەڵێیت: من تووشی خەمۆکی بووم، دوای ئەوەی کە پار لە خۆشەویستەکەم جیابوومەوە، لێرەدا جیابونەوەکە تڕاوماکەیە و خەمۆکییەکەش نەخۆشییە دەروونیەکەیە کە بە هۆی تڕاوماکەوە تووشی بوویت.



## هۆکارەکانی تڕاوما

هۆکارەکانی تووشبوونت بە تڕاومای دەروونی دوو کۆمەڵە و پۆلێنن،

پۆلێنی یەکەم: بریتیە لە هۆکارە سەرەکییەکان (١)،

پۆلێنی دووەم: بریتییە لە هۆکارە ساختە و جێگرەوەییەکان (٢).

١. هۆکارە سەرەکییەکان بریتین لەو هۆکارانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە خۆتەوە هەیە، تۆ خۆت تووشی کێشەیەک دەبیت، و ئازار دەچێژیت بەهۆی ئەو کێشەیەی خۆت تووشت بووە. بۆ نموونە، تووشی یەکێک لەمانە دەبیت :

١.١. دەستدرێژی سێکسی.

١.٢. جیابونەوەی دایک و باوک.

١.٣. کێشەی خێزانی.

١.٤. شکستی پەیوەندی سۆزداری.

١.٥. خیانەتی هاوڕێ، خۆشەویست، هاوسەر.

١.٦. سوکایەتی پێکردنت لەلایەن کەسێکەوە.

١.٧. گاڵتە پێکردنت، بەراورد کردنت، بێ نازیت، شکاندنەوەت لەلایەن خێزان یان کەسێکەوە.

١.٨. مەرگی کەسێکی ئازیزت.

١.٩. نەخۆش کەوتنت بە نەخۆشیەکی جەستە.

١.١٠. ئاواتێکت هەیە و دڵنیا دەبیتەوە لەوەی کە بەدی نایەت یان لەدەستی دەدەی، مەسەلەن خۆشەویستەکەت شوو دەکات، لە پۆلی ١٢ دەرەجەی زۆر نزم دەهێنیت، ناوت لە بەشێک دێتەوە کە بەدڵت نییە.

١.١١ سەیر کردنی فیلمی ترسناک، تراژیدی، غەمناک و واقیعی.

١.١٢ گوێ گرتن لە گۆرانی خەمناک.

١.١٣ گوێ گرتن لە هەواڵی ترسناک و شۆکهێنەر.

هەروەها هەر کێشە و گیرو گرفتێکی خۆت کە ببێتە هۆی بێتاقەت بوون و دڵتەنگ کردنت و نەفسیەن ئازارت بدا بە توندی. ئەو تڕاومایەی لەم دۆخانەدا تووشی دەبیت پێی دەوترێت تڕاومای سەرەکی - Primary.

٢. هۆکاره ساخته و جێگرەوەییەکان بریتین لەو هۆکارانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەتۆوە نییە، بە هۆی کێشەی ژیانی خۆتەوە تووشی نابیت، بەڵکو بەهۆی ئەوەوە تووش دەبیت کە تۆ پەیوەندیت لەگەڵ کەسێکدا هەیە کە ئەو تڕاومای هەیە، ئەو کێشەیەکی هەیە، ئەو نەخۆشیەک یان گرفتێکی هەیە و تووشی تڕاومایەک بووە، بەهۆی ئەوەوە تڕاوماکە هاوشێوەی گواستنەوە، بۆ تۆش دەگوازرێتەوە و تۆش تووشی تڕاوما دەبیت بەهۆی ئەوەوە. جا یان بەهۆکاری ئەوەی تڕاوماکەی ئەو تەبیعەت و کەسایەتی ئەوی گۆڕیوە و کەسی خاوەن تڕاوماکە زۆر ئازارت دەدات و تەبیعەتی ناخۆشە و زۆر بێتاقەتت دەکات، یان بەهۆی هاوسۆزیت بۆ دۆخی کەسی خاوەن تڕاوماکە کە بەزەییت پێدا دێتەوە، یان بە هۆی ڕەنگدانەوە و خووگرتنت بەو ڕەفتار و تەبیعەتەی کە کەسی خاوەن تڕاوماکە هەیەتی، بۆ نموونە ئەو گۆشەگیر و ڕەشبینە، تۆش ئەوەنە تێکەڵی بوویت خووی ئەوت گرتووە و وەک ئەو گۆشەگیر و ڕەشبینیت، ئەوسا گۆشەگیری و ڕەشبینییەکە ناڕاستەوخۆ دەبنە لێکەوتەی نەرێنی و تڕاوما بۆت. (هاوشێوەی ئەو پەندە کوردییەی ئەڵێت: دوو گا لە دۆڵێکا بن یان ڕەنگی یەک دەگرن یان خوو) تڕاومای لاوەکی بەگشتی لەگەڵ ئەو کەسانەدا ڕوودەدات کە لەگەڵیاندا دەژیت یان زۆر تێکەڵیت لەگەڵیان و مامەڵەیان زۆر لەگەڵ دەکەیت و ئەوان کێشەیان هەیە. بۆنموونە، تووشی یەکێک لەمانە دەبیت:

٢.١ دکتۆره دەروونیەکان و دەروونناسەکان: بەهۆی ئەوەی چینی پسپۆڕیە دەروونیەکان زۆرترین دەردە دڵیان بۆ باس دەکرێ، پشکی شێریان هەیە لە سەرهەڵدانی نەخۆشی دەروونی لەخۆیاندا، ئەوەنە گوێ لە دەردە دڵی ئەوانی ترەگرن، خۆیان دەروونیان برینداره‌بێت و توشی تڕاوما دەبن.

٢.٢ هاوسەرەکەت/براکەت/دایک و باوکت/ خوشکێکت/ منداڵێکت/ هاوڕێکەت نەخۆشی دەروونی هەیە، بەهۆی ئەوەی تەبیعەت و ژیان لەگەڵی زۆر سەختە، تۆش توشی نەخۆشی دەروونی/ تڕاوما دەبیت.

٢.٣ دایک و باوکت دایمە شەڕیانە لەبەینی خۆیانا بەهۆی ئەوەی ناگونجێن. یان خوشکێکت چوەتە دەرەوەی وڵات، یان خوشکێکت توشی دەستدرێژی سێکسی بووە، یا برایەکت شەڕی ناوەتەوە.

٢.٤ گوێ لە دەردە دڵی هاوڕێکانت و خەڵکی زۆرەگری، ئەوەنە ڕووداوی نەرێنی و ناخۆشیان بۆ باسکردووی لە کێشەکانی ژیانیان، ئەوەنە گوێت لە ڕەشبینی ئەوانەبێ، لەهاوسۆزی و میهرەبانیت بۆیان، دڵتەنگ دەبی و توشی تڕاوما دەبیت، هاروەها هەم وەک کاریگەر بوون بەو ڕوداوە تراژیدیانە، تۆش ڕەشبین دەبی.

٢.٥ بەرچاوی تۆوە کەسێک دەمرێت، یان دەکو. ژرێت، پەیوەندی خزمایەتیتان نییە تۆ و کەسی مردوو، بەڵام ڕوداوەکە ترسێنەرە و غەمناکە، تۆش کاریگەرەبی بەمردنی، توشی شۆکی دەروونی / تڕاومای دەروونی دەبیت.

٢.٦ لە سۆشیاڵمیدیا و کەناڵەکان هەواڵی مردنی ئەم و ئەو، ڕوداوی دەستدرێژی و ڕووداوە تڕاژیدی و نەرێنییەکان دەبینیت، غەمبار دەبی و بە هۆی ترس یان دڵتەنگیت بۆیان تووشی شۆک/تڕاومای دەروونی دەبی.

٢.٧ ئەو کەسانەی لە بەشە پزیشکییەکانی وەک نەشتەرگەریی و فریاکەوتنی خێرا و چاودێری چڕدان و شکستێک دەهێنن لە کەیسێکیان، یاخود بەرچاویانەوە ئەو هەموو نەخۆشە هەیە و بەهۆی هەڵەی ئەوانەوە کەسێک دەمرێت یاخود لەبەرچاوی ئەوانەوە ڕۆژانە زۆر نەخۆش دەمرن، تووش دەبن.

٢.٨ ئەو کەسانەی لە شوێنێک کاردەکەن کە ڕوداوی مردن، جەنگ و کوشتار و تاوانکاری زۆر تێدا ڕوودەدات، بۆ نموونە (طوب عەدل) یاخود لە بەشە پەیوەستەکانی وەک دژەتیرۆر و پێشمەرگە و بەشە لێکۆڵینەوەکانی مردووان و کوژراوان، یان ئەوانەی مردووشۆرن، هەموو ئەمانە بەهۆی ئەوەی ڕوداوی مردن و کوشتن زۆر دەبینن، توشی شۆک/تڕاومای دەروونی دەبن.

٢.٩ لە وڵاتێکی وەکو کوردستانیت کە پڕە لە قەیران و کێشەی ئابووری و سەقافی و پەروەردەیی و نەتەوەیی و کلتووری و تێگەشتن و زانستی و یەکگرتویی و مرۆڤدۆستی و هتد...

ئەو تڕاومایەی لەم دۆخانەدا تووشی دەبیت، پێی دەوترێت تڕاومای لاوەکی/دووەمی/ساختە/جێگرەوە - Vicarious Trauma. یاخود Secondary Trauma

## جۆرەکانی تراوما

**تراوماى دەروونى بە گشتى سێ جۆرە:**

**١. تراوماى درێژخایەن: بۆماوەیەکى زۆر غەمبار و دڵتەنگى چەند کێشەیەک بوویت، بۆماوەیەکى زۆر کێشەیەکت هەبووە کە زۆر ئازارى داویت. (Chronic_Trauma)**

**نموونە: بۆماوەى ساڵێک چەندجارێک دەستدرێژى سێکسیت خراوەتە سەر.**

**٢. تراوماى توند : لە ناکاوێکدا کە چاوەڕوانت نەکردووە، ڕوداوێکى زۆر تراژیدى و غەمناک لەپڕ ڕوودەدات (Acute Trauma) نموونە: کەسێک بەیانى لەخەو هەڵدەستێت سەیردەکات دایکى مردووە.**

**٣. تراوماى ئاڵۆز: سەرووى سێ کێشەت بەیەکەوە لەهەمان کاتدا هەبووە. نموونە: لەماوەى شەش مانگدا، خێزانەکەت لەگەڵت خراپ بوون، وە خۆشەویستەکەت خیانەتى لێکردوویت، هەم لە ڕووى ئابووریەوە ئیفلاست هێنا دوکانەکەت زەرەرى زۆر کرد، و تووشى نەخۆشى گورچیلە بوویت و لە مەکتەبیش لە ٧ دەرس کەوتووى (complex trauma)**

## نیشانەکانی تراوما

ئەم خاڵانەى ئاماژەیان پێ دەدەم نیشانەن بۆ ئەوەى تۆ لە ڕابردووى ژیانتدا یان لەم ماوەیەى پێشووى ژیانت تووشى تراوما بوویت و مەترسى نەخۆشى دەروونیت هەیە:

١. گۆشەگیرى، حەز بەتەنهایى دەکەى، بێزار دەبى لە تێکەڵاوبوون، تواناى کۆمەڵایەتیبوونت نییە.

٢. شەرمنیت، قەلەقى لەکاتى تێکەڵاوبوون و یەکتربینین و ڕووبەڕووبینینى کەسێک و لە کاتى سیمینار و میوانیدا.

٣. کێشەى متمانەت هەیە، بە زەحمەت سیقە بە خەڵک دەکەى، ئەویش لە هەزار کەس سیقە بە یەک دانەیان ئەگەر بکەى. بە بچوکترین هەڵەش سیقەت پێى نامێنێ.

٤. کاتێک تووشى کێشە دەبیت، ناتوانى داواى یارمەتى لە هاورێکانت یان چواردەورت بکەى.

٥. بکوژرێى پێت خۆشترە، وەک لەوەى دەردەدڵ بکەى.

٦. زۆر زوو هۆگر دەبیت، زۆر بە قورسى هۆگر دەبیت، دایمە پێویستت بە یەکێکە گرنگیت پێبدا یەک تۆز تەنها بیت دەروخێیت و ڕەشبین و خەمۆک و قەلەق دەبى، ناتوانى خۆت خۆت بەڕێوە بەرى. (لەوانەشە ڕێک بە پێچەوانەوە بیت، تەواو بێ هەست).

٧. تورەییەکى نادیار لەناخت هەیە، تورەییت بەس بزەبت نازانى لەبەر کام ڕووداو، لەوانەشە بزانى هۆکارى تورەییەکەت بەڵام ئەو تورەییە لە ناخت دەرناچێ و بەتاڵ نابێت.

٨. کێشەکانى خەوتنت هەیە، وەک درەنگ خەوتن، کەمخەوى، خەواڵووبوون بەڕۆژ.

٩. زیادلەپێویستى خۆى وریایت و دڵنیایى لە شتەکان زۆر زۆر دەکەیتەوە.

١٠. ئەترسیت لەوەى جێت بهێڵن، هاورێکانت خیانەتت لێ بکەن، خراپ بن، دووبارە تەنها بیت، خەڵکى خۆشیان نەوێى، ڕقیان لێت بێ، بێزاربن لێت، قەت کەس خۆشى نەوێى.

١١. دڵتەنگى و کەئابە بەرۆکت بەرنادەن، لەوانەیە ڕەشبینیش بیت.

١٢. کەسێکى شەرمن و شڵەژاویت.

١٣. قەلەقى یان خەمۆکیت زۆرە.

١٤. هەست بە تاوانبارى و هەڵە دەکەى، شتێکى بچووک بکەى هەست دەکەى هەڵەیەکى گەورەت کردووە، زۆر و زوو شەرمەزار و پەشیماندەبیتەوە، خۆت بەتاوانبار و گوناهبار دەزانى و شت لەخۆت گەورە دەکەى.

١٥. هەست بە گەمژەیی و گێژی دەکەیت.

١٦. بێئومێد، بێهیوا، بێ ورەیت.

١٧. بێزاریت، بێ وزەیت.

١٨. کێشەی تەرکیزت هەیە.

١٩. کێشەی یادەوەریت هەیە، زوو شتت لەبیردەچێت.

٢٠. بینینی ڕووداوێکی دیاریکراو، بینینی کەسێکی دیاریکراو، بیرکردنەوە لە ڕووداو یان کەسێکی دیاریکراو، حاڵت تێک دەدات.

٢١. خەوی ناخۆش، کابووس، شەوە (پیرهەڤی، پیرهەڤۆک) دەبینیت.

٢٢. متمانەبەخۆبوونت کەم بۆتەوە.

بەگشتی ئەو کەسانەی تڕاومایان هەیە، لەوانەیە هەڵپە و تەقینەوەی هەست و سۆزیشیان هەبێت، بەمانایەکی سادە، زوو هەڵدەچن !ئاستەنگیان هەیە لە ڕووبەڕوو بونەوەی دۆخەکان و هەستەکانیان، بە ناچاری گۆشەگیر دەبن و لە کەسانی دی دەکشێنەوە. بیرهاتنەوەی یادەوەری ناخۆش، کە لە خۆوە و بەبێ کۆنترۆڵی خۆت دێنەوە بیرت، میزاج و جەو و حاڵت تێک دەدەن.

تڕاومای دەروونی، دەکرێ کاریگەری لەسەر جەستەش درووست بکات، باوترین جۆری کاریگەرییەکان ئەمانەن:

١. سەرئێشە، ئازاری شان، مل، پشتەسەر.

٢. کێشەی هەرس، نەبوونی ئیشتیها.

٣. قەبزی.

٤. ماندووبوون و شەکەت بوونی زۆر و بێ هۆ.

٥. پەلەلێدانی دڵ، دڵەکوتێ، دڵەکزێ.

٦. زۆر ئارەق کردنەوە.

٧. لەخۆوە تۆقین و ترسان و پەلەلێدانی دڵ و تەنگەنەفسی.

٨. هەڵوەرینی زۆری قژ.

٩. شین/مۆر بونەوەی لای قۆڵ، ڕان.

١٠. ووڕ بوونی مێشک..

١١. لەرزین، بورانەوە.

١٢. ڕەش بوونەوەی ژێرچاو.

١٣. چرچ بوونی زۆری دەموچاو.

١٤. تێکچوونی سووڕی مانگانە.

١٥. لەدەستدانی حەزی سێکسی و خۆشەویستی، یاخود بە پێچەوانەوە، لەڕادەبەدەر زۆر بوونی حەزی سێکسی.

١٦. دەمار فڕین (لەرزینی دەمار).

١٧. سست بوونی مەناعە، هەر پەتایەک بڵاوبێتەوە تۆ یەکەم کەس گرتووتە.



## نەخۆشییەکانی تراوما

**تراوما خۆی نەخۆشی نییە، بەڵام کاتێک زیاتر لە چوار حەفتە دەمێنێتەوە، دەبێتە نەخۆشی دەروونی.**

**نەخۆشیەکانیش ئەمانەن:**

**١. نەخۆشی سترێسی توندوتیژ - Acute Stress Disorder ( ASD )**

**٢. نەخۆشی زەبری پاش فشاری دەروونی - Post traumatic stress disorder (PTSD)**

**٣. نەخۆشیەکانی گونجانی دەروونیAdjustment disorders.**

**٤.نەخۆشیە دەروونیە جیاکەرەوەکان Dissociative disorders**

**وەکو: نەخۆشی یادەوەری Dissociative amnesia**

**نەخۆشی فرە کەسایەتی، Multiple personality disorder (MPD) کە پێشی دەوترێت:**

**Dissociative identity disorder (DID) بە دەگمەنی فرە کەسایەتی ڕوودەدات.**

**لەپاڵ ئەم نەخۆشیانەش، دەکرێ تراوماى دەروونی ببێتە هۆی ئەم نەخۆشییانەش:**

**٥. خەمۆکی گەورە و توند MDD یان PDD.**

**٦. نەخۆشیەکانی دڵەڕاوکێی گشتی GAD.**

**٧. نەخۆشیەکانی واسواسی OCD.**

**٨. نەخۆشی فۆبیای کۆمەڵایەتی SAD.**

**٩. نەخۆشیەکانی دوو جەمسەری Bipolar.**

**١٠ نەخۆشی شیزۆفرینیا Schizophrenia.**

**١١. نەخۆشیە کەساییەتییەکان.**

**١٢. گرێ دەروونیەکان.**

**١٣. فۆبیاکان.**

**١٤. نەخۆشیەکانی مێشک و دەمار.**

**١٥. نەخۆشیەکانی دڵ، وەکو جەڵدەی دڵ.**

بێگوومان مەرج نییە هەرکەس تووشی تراوما بوو، تووشی نەخۆشی دەروونیش ببێت یەکسەر لەدوایدا، دەکرێت کەسەکە بە منداڵی تووشی تراوما بوبێت، لە تەمەنی گەورەییدا نەخۆشی دەروونی تووش بکات.

دەشکرێت کەسێک تووشی تراوما ببێت و بەهۆی باشتر بوونی دۆخی ژینگەکەی هەرخۆی چارەسەر ببێت و تێی بپەڕێنێت و تووشی هیچ نەخۆشیەکی دەروونیش نەکات. بەڵام گەر تا ٤ حەفتە تراوماکە بەردەوام بوو، هەم وەک ڕوداوو تا چوار حەفتە کێشە و موشکیلەکە بەردەوام بوو، هەم وەکو ئازاری دەروونی تا چوار حەفتە ئازارت چەشت بەهۆیەوە، ئەوا دەبێتە یەکێک یان چەند نەخۆشیەکی دەروونی.

## چارەسەری تراوما

**ئایا پێویستە لەکاتی بوونی تراومادا چارەسەر وەربگری؟ بە دڵنیاییەوە بەڵێ، چونکە گەر وەری نەگریت بەئەگەری زۆرەوە تووشی نەخۆشی دەروونیت دەکات.**

**ئایا تراوما چارەسەر دەبێت و ڕێگری لێ دەکرێت لەوەی نەبێتە نەخۆشی دەروونی ؟**

**بەڵێ، بە چەند ڕێگایەک:**

**١. دەرمانی دەروونی، یەکێک یان زیاتر لە دەرمانێک لە دەرمانی گرووپە جیاوازەکانی: SSRIs, SNRIs, TCAs, TeCAs, Benzodiazepines, Antipsychotics.**

**٢. چارەسەر بە قسە بۆکردن psychotherapy _ چارەسەری ڕەفتاری مەعریفی - CBt.**

**٣. چارەسەری EMDR.**

**٤. چارەسەرەکانی Somatic: Sensorimotor و touch therapy و Acupoint stimulation**

**٥. چارەسەری بە کارەبا بۆ ECT.**

**تێبینی: دکتۆر بۆت دیاری دەکات کام جۆری چارەسەرت پێویستە.**

**د. موحەممەد داوود**

## بۆچی کە دەخەوم، خەون نابینم؟

زۆر کەس لێم دەپرسن، دکتۆر من ماوەیەکی زۆرە لەکاتی خەوتنمدا هیچ خەونێک نابینم، هۆکار چیە؟ ئایا ئەمە نەخۆشییە؟ نیشانەی چییە؟ چۆن چارەسەری بکەم؟

پێش هەمو شتێک، پێویستە ئێمە خەوتن و خەون بناسێنین:

خەوتن چییە؟ خەوتن بریتیە: لە پرۆسەیەکی بایۆلۆژی و سایکۆلۆژی مێشک کە لە پێناو ڕاگرتنی تەندرووستی دەروونی و جەستەیی تۆ ئەنجام دەدرێت، خەوتن بریتیە: لە پرۆسەی گۆڕینی دۆخی ئاگایی بۆ دۆخی نائاگایی و لەکارخستنی هۆش و جوڵەی ماسوولکەکان و هەستەوەرەکان تا کاتی بەخەبەرهاتن.

خەون چییە؟ خەون بریتیە: لەو چیرۆکانەی مێشک ئەیگێڕێتەوە و دەیەوێ کەسی خەوتوو لە دۆخی خۆی بگەیەنێت کە پێکهاتووە لە چەند بیرکردنەوە و وێنە و هەستێک.

کام بەشی مێشک بەرپرسە لە خەوتن؟ hypothalamus

کام بەشی مێشک بەرپرسە لە خەون بینین؟ hippocampus

خەون چۆن درووست دەبێت لە ڕووی دەمارییەوە؟

+ خەونەکان بەهۆی چالاکبوونی بنەچەی مێشکەوە ڕودەدەن لە کاتی جووڵەی خێرای چاو (REM) / هاندانی سیستەمی لیمبیک (سیستەمی سۆزداری) " کە ڕێکخستنەوە و کۆد کردنی یادەوەرییەکان ڕودەدەن لەسەر ئەساسی پاڵنەرە سۆزدارییەکان و گواستنەوەی یادەوەرییەکان لە نێوان ناوچەکانی مێشکدا سەرەنجام amygdala و hippocampus چالاک دەبن و کۆمەڵە نیشانەیەکی کارەبایی دەنێرن، بەرهەمی ئەم پرۆسەیە بریتیە لەو خەونەی تۆ لە کاتی خەوتن دەیبینیت.

خەون بۆچی درووست دەبێت لە ڕووی دەروونیەوە؟

+ خەونەکان نوێنەرایەتی ئارەزووەکانی مێشکی نائاگایی و بەدیهێنانی ئاواتەکان و کێشە تاکەکسیەکان دەکەن، بەو مانایەی ئەمانە هۆکارن بۆ خەون بینین. خەونەکان ڕێگەیەکمان پێدەبەخشن بۆ ئەوەی بە سەلامەتی خواستەکانی ئارەزووە نائاگاکان ببینین و ئەو داخ و تورەیی و ڕق و حەز و پەستانانەی پەنگی خواردوەتەوە لە ئێمەدا لە دونیایەکی ناڕاستەقینەدا ( خەون ) دا بیرژین و بەتاڵ ببینەوە تا ئاسوودە ببین.



## لەدەستدانی خەون بینین بەهۆی کاریگەری ماددەیەکەوە :

**١. کحوول.**
**٢. تووتن و جگەرە و نێرگەلە.**
**٣. کافاییینەکان**
**(چا، قاوە، نیسکافە، خواردنەوەی گازی).**
**٤. دەرمانی دەروونی + دەماری.**
**لەدەست دانی خەون وەکو نیشانەی نەخۆشی : sign**
**١. هەبوونی سترێس، نەخۆشی ptsd/ دووجەمسەری bipolar**
**٢. گرفت و نەخۆشی خەمۆکی.**
**٣. گرفت و نەخۆشی دڵەڕاوکێی.**
**٤.نەخۆشیەکانی دڵ.**
**٥. نەخۆشیە دەمارییەکان.**
**٦. نەخۆشی شەکرە.**
**٧. تێکچوون و زەبر لە hippocampus و hipothalamus**
**٨.sleep apnea, insomnia , narcolepsy parasomnia**
**٩. تێکچوون لە سوڕی REM**



## لەدەستدانی خەون بینین لە دۆخی ئاسایی و تەندرووست:

+ دەکرێت مێشکی کەسێک بوەستێ لە خەون بینین بە سروشتی بەبێ هەبوونی هیچ تێکچونێک ، کەم خەون بینین یاخود تەنانەت خەون نەبینینیش ، ئاساییە ، مەترسی نییە!
+ سەرەکیترین هۆکار بۆ نەبینینی خەونەکان بریتیە لە کوالێتیەکی خراپی خەوتن.
+ بێگوومان ئەمە پەیوەستە بە تەندرووستی دۆخی دەروونی، هەبوونی پەستانێک و دڵەڕاوکێیەک و زۆر بیرکردنەوەی پێش خەوتن بە هاوبەشی لەگەڵ کوالێتی خراپی خەوتن ئەکرێ هۆکاربن بۆ هەردووحاڵەتی ( خەونی ناخۆش و خەون نەبینین ).
+ ئیشتیهای خواردن و بڕی مادەخۆراکیە هەڵمژراوەکان.

یەکێکی تر لە پرسیارە باوەکان:
دکتۆر بۆچی خەونەکانم بیردەچنەوە و بیرم نایەنەوە؟
" خەونەکان بەزۆری لە کاتی قۆناغی REM ڕوودەدەن، ئەو قۆناغەی خەو کاتێک خانەکانی MCH چالاک دەبن، چالاکبوونی ئەم خانانە ڕێگری دەکات لە هەڵگرتن و خەزنکردنی ناوەڕۆک و زانیاریەکانی خەونێک لە هیپۆکامپوسدا - لەدەستدانی REM واتە لەدەست دانی خەونەکە - لە ئەنجامدا، خەونەکە بە خێرایی لەبیر دەکرێ و نازانیت چ خەونێکت بینیوە کاتێک بەخەبەردێی"

ئایا لەدەستدانی خەون بینین، چارەسەر دەکرێت ؟
بەڵێ, بەدڵنیاییەوە

**د. موحەممەد داوود**

# کاریگەرییەکانی لێدانی منداڵ لە لایەن دایك و باوکانەوە

لێدانی منداڵ لەلایەن دایکان و باوکانەوە یاخود هەر ئەندامێکی دیکەی خێزانەوە یەکێکە لە خراپترین ڕەفتارەکان لە ڕووی تەندروستی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە، چونکە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر داهاتووی منداڵەکە و کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆی ون دەکات وەك منداڵێك لە تەمەنی منداڵی و لە داهاتوشدا (بەڕێژەیەکی ناجێگیر). بەگوێرەی توێژینەوە زانستی و دەروونیەکان لێدانی منداڵ زیانی خراپی هەیە، پسپۆڕانی بواری دەروونناسیش جەخت لە مەترسیەکانی دەکەنەوە و هۆشداری دەدەن لە لێدانی منداڵ لەلایەن خێزانەکانیانەوە. بەگوێرەی توێژینەوەکان لە جیهاندا، زۆرینەی منداڵان لە جیهاندا لەلایەن باوک بە پلەی یەکەم و دایک بە پلەی دووەم ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە بەهۆی توڕەییانەوە، ئەگەر تاکوو ئێستا لێدانت بەکارهێناوە بۆ منداڵەکەت، ئەوا پێشنیاز ئەکەم لەمەودوا ڕێگایی گونجاوی تر بەکاربهێنیت چونکە لێدان لە منداڵ دەبێتەوە هۆی:

١- لێدان دەبێتە هۆی دروستکردنی کەسایەتیەکی خراپ و توند ڕەفتار لە تەمەنی منداڵییەتی و لە داهاتووشدا، چونکە وادەکات منداڵ ڕقی لەو کەسە بێتەوە کە توندوتیژە بەرامبەری، ئەمەش کاریگەری نەرێنی دروست دەکات لەسەر دەروونی، لەهەمان کاتیشدا بێزێزی دەکات بەرامبەر خێزانەکەی بەتایبەت ئەو کەسەی لێیداوە و خۆشەویستی بۆی لەدەستدەدات.

٢- زاناکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە توندوتیژی بەرامبەر منداڵ، کاریگەری گەورەی لەسەر مێشک و ژیری منداڵ و جەستەی هەیە، چونکە دەبێتە هۆی لاوازبوونی کەسایەتی منداڵەکە بەجۆرێک ڕەنگە بە ئاسانی لەلایەن چواردەورەوە بقۆزرێتەوە بۆ کارپێکردنی هەموو کارێک، لەهەمانکاتدا خۆی بەکەم دەزانێت لەناو هاوڕێکانیدا و پەیوەندییەکانی خراپ دەبێت.

٣- پێشبینی دەکرێ کاتێك گەورە دەبێتن ئەوا کەسایەتیەکی داخراو و ڕقاوی لێ دروستبێت و نەتوانێت لەگەڵ چواردەورییدا خۆی بگونجێنێت، بەردەوام توڕەیە.

٤- لێدان دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ لێک تێگەیشتنی نەبێت بەرامبەر خێزانەکەی، هەمیشە هەست بە زوڵم دەکات و خۆشەویستی بۆ کەسەکانی نامێنێت و کاریگەری لەسەر گەشەکردنی دروست دەبێت لەڕووی ئەقڵی و جەستەییەوە.

٥- بەهۆی لێدانەوە منداڵ بڕوا و متمانەی بە خۆی نامێنێت و هەمیشە لەهەموو کارێکدا شەرم دەکات و ناتوانێت زاڵبێت بەسەر مامەڵەی لەگەڵ کەسانی دیکە.

٦- لێدان دەبێتە هۆکارێک بۆ دروستکردنی هەستی ڕق و توڕەی و تۆڵەسەندنەوە و تراوما.

هەر بۆیە پێشنیازدەکەم و بەگرینگی دەزانم کە بەهەموو شێوەیەك واز لە توندتیژی بهێنن بەرامبەر بە منداڵەکان، چونکە زۆربەی توێژینەوە زانستیە دەروونییەکان لەگەڵ لێداندا نین بۆ پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵ بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەوەدان کە کاریگەری زۆر خراپی هەیە بۆ لایەنی دەروونی و تەندروستی منالەکان، لەهەمان کاتیشدا بەمەترسیەکی گەورە لە قەڵەم دەدرێت بۆ داهاتووی تاکەکە. هەمیشە بەکارهێنانی قسەی خۆش و ئەرێنی و گفتوگۆی گونجاو، هاوکات ڕەفتاری نەرمونیان باشترین هەنگاوە بۆ دروستکردنی منالێکی ئارام و دەروونددروست و تەندروست، سەرئەنجام نەوەیەکی باش.

## ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ وەرگیراوە:


-١

https://aifs.gov.au/resources/short-articles/what-does-evidence-tell-us-about-physical-
٢٠a٪٢٠have,negatively٪٢٠reviews٪٢٠and٪٢٠studies٪punishment-children#:~:text=Other
٪٢٠discipline٪٢٠physical٪٢C٪٢٠addition٪٢٠development.&text=In٪٢٠brain٪٢٠their٪ffect
٢٠adver٪٢٠abuse.&text=The٪٢٠to٪٢٠escalate٪٢٠unintentionally٪٢٠and٪٢٠quickly٪٢٠can
٢٠٪٢٠last٪٢٠may٪٢٠childhood٪٢٠from٪٢٠punishment٪٢٠physical٪٢٠from٪٢٠impacts٪se
.٢٠adulthood٪into

-٢

hitting-children-leads-to-trauma/١٠/٢/٢٠٢٢/https://www.developmentalscience.com/blog
-not-better-behavior

-٣

https://www.winchester.ac.uk/news-and-events/press-centre/media-articles/smacking-
children-what-the-research-says.php

-https://www.msd.govt.nz/about-msd-and-our-work/publications-٤


## ئیبراهیم موحەمەد (ئەبڕاهام لێڤایی)



## پێکەنینی نەگونجاو (inappropriate laughter)

کاتەک نە تاک نە ڕاگەیاندن هوشیارنین لەهەمبەر بابەتە دەروونیەکان! پێکەنینی نەگونجاو وەک هەر بابەتێکی دیکە، بەنەنگی و جیاوازی دادەنرێ لەالیەن کۆمەاڵنی خەڵکیەوە وەک درێژی یان کورتی و ڕەنگ و شێوە و تاکۆتایی نەخاسمە تێنەگەیشتن لەو بابەتانەیان گرفتە دەروونی و دەماریانە کەهەندێجار زگماکی ڕوونادەن بەڵکو دەرئەنجامی هۆکارێن لێرەدا پێکەنینی نەگونجاو جۆرێکە لەوانە: ئەو حاڵەتە لەئەنجامی هۆکاری دەروونی وەک دڵەڕاوکێ یان ئەزموونێکی بارودۆخی دەروونی هەندێ جاریش گرفتی دەماریە لەکۆنترۆڵکردنی هەستەکان لەبەشی پێشەوەی مێشک. گرفتەکە لەوەدایە نە ڕاگەیاندن نە کەسەکان ئەوەندە مەعریفەیان نییە لەسەر ئەو بابەتە، تا وای لێدێت کە حاڵەتی شاز یان گرفتە دەروونییەکان و تێکچوون و شڵەژانەکان بکەن بە بابەتی تەنز و پێکەنین و جیاواز. هەروەها کەسەکەش گرفتەکەی ال ببێ بە شتێکی پێکەنیناوی لەجێگای چارەسەرکردن یان هەوڵدان بۆ ئەوەی کۆمەڵگا تێبگەیەنێ دەربارەی حاڵەتەکەی تا گرفتی بۆ درووست نەبێ لەکاتی کارلێکی کۆمەاڵیەتی و تێکەڵبوون.

**ڕێکان عبدالرحمن قادر**



# بابەتە هەمەڕەنگەکان

ژمارەی پێنجەم

ڕەزبەری ٢٠٢٤

# چەند سەرنجێک لەسەر یاسای توند و تیژی خێزانی ژمارە (٨) ساڵی (٢٠١١)

کۆمەڵگایەکی تەندروست پێویستی بەخێزانێکی تەندروستە، دامەزراوەی ڕەنگە ئەگەر لەلایەنی بایلۆجیەوە براونینە ڕەگەزی نێرو مێ بتوانن نەوەبخەنەوە، بەڵام لەداوجاردا پێویستە ئەو نەوەیە لەخێزانێکی ڕەوایەتی پێدارو بەئاین و کلتور و نەتەوە پەیوەست بێت بتوانرێت هەڵسوکەوتەکانی ڕەنگرێژی ئەو خێزانەبێت، ئەو یاسایەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدا یەکێکە لەو یاسایانەی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەودامەزراوە کۆمەڵایەتیەوە هەیە کە خێزانە. بێگومان خێزان وەک ئەوەی کە وجودیەتی هەیە، پڕە لەو فاکتەرانەی کە ئاماژەم پێکرد. بەدەر نییە لە ڕەهەندی توند و تیژی کە ڕەفتارێکە لەلایەن یەکێک لە تاکەکانی خێزان بەرامبەر تاکێکی تر ئەنجام دەدرێت، بێگومان ئەم ڕفتارەش لە دەرئەنجامی هێز دروست دەبێت چونکە سروشتی خێزان وایە چەند تاکە کەسێک لەخۆدەگرێت کە پەیوەندیەکی خوێنی لەنێوانیان دا هەیە، دەکرێ هەندێکیان لەهەندێکی تریان بەهێزتر بن. ڕەفتاری توندوتیژیی وەکو باسم کرد لەلایەن یەکێک لە تاکەکانەوە ئە نجام دەدرێت، بچوکترین توندوتیژی کە بەرامبەر مرۆڤێک ئەنجام دەدرێت بێگومان کۆمەڵێک دەرئەنجام لەدوای خۆیدا بەجێدێڵێت، بەتایبەت بەرامبەر منداڵ. زۆربەی ئەو توندوتیژییانەی کە لە وڵاتی ئێمە بە تایبەت و ناوچەکە بەگشتی دەکرێن، بەرامبەر منداڵ و ئافرەتن، چونکە ئەم دوو بوونەوەرە بێ دەسەڵاتن لە ئاست تاکەکانی تری خێزان. بەڵام ئەم قسەیە بەرەهایی نییە، ڕەنگە پێچەوانە بێت لە چەند حاڵەتێک دا، نامەوێ زیاتر درێژە بە بابەتەکە بدەم چونکە زۆر لەخۆی دەگرێت، ڕاستەوخۆ دەچینە ناو وردەکاری دەقەکانی ئەم یاسایە و هەڵسەنگاندیان بۆ دەکەین.

یاسای توندوتیژی خێزانیی خۆی دەبینێتەوە لە نۆ مادده، مادەی یەکەم و سەرەتای یاساکە تایبەتە بە کۆمەڵێک چەمک، کە پێویست ناکات باسیان بکەم.

ماددەی دووەمی یاساکە ئەو توندوتیژییانە دیاری دەکات کە لەلایەن تاکەکانی خێزانەوە ئەنجام دەدرێت، ئەوانیش وەکو نمونە باس دەکرێت کە خۆیان لە (١٣) جۆری توندوتیژی دەبیننەوە. وەکو: (هاوسەرگیری بەزۆر، بەشودانی بەزۆر، بەشودانی لەجیاتی خوێن........هتد)

لە درێژەی بڕگەی سێیەمی مادەی دووەم یاساکە زامنکار دەبێت بۆ ئەو کەسەی توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت و ئەوەشی توندوتیژییەکە ئەنجام دەدات. ئەم ڕێکارەش بە هەماهەنگی دەبێت لەلایەن چەند دام و دەزگایەکی دەوڵەت، لایەنە تەندروستییەکان ئەرکی چارەسەر و سەلامەتی ئەو کەسەی توندوتیژی بەرامبەر کراوە دەگرنە ئەستۆ و بنکەکانی پۆلیس بەفەرمانی دادگا ڕێکاری پێویست دەگرنە بەر بەرامبەر کەسی یەکەم کە توندوتیژیەکەی ئەنجام داوە، و پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ دەکرێتەوە.بەردەوام ڕوبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە.

ماددەی سێیەمی یاساکە، ئاماژە بە ڕێکاری دواتر دەکات کە خۆی دەبینێتەوە لە کردنەوەی دادگایەکی تایبەتمەند بە بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی.





و زامنکردنی سەلامەتی ئەو کەسانەی توندوتیژییان بەرامبەر ئەنجام دەدرێ. بەڵام ئەوەی لێرە جێگای سەرنجە ئەو کەسانەی لەم شوێنە دەخرێنە ژێر چاودێری ڕەنگە بە حاڵەتی دەروونی زۆر ناهەمواردا تێیپەڕن، چەند بەهۆی توندوتیژییەوە کەوتوونەتە ژێر فشارەوە، بۆیە پێویستیان بە کەشێکی لەبار و چاودێرییەکی وردی دەروونی هەیە، بە بڕوای من بۆ کەم کردنەوەی توندوتیژی دەکرێت ڕێکار و میکانزمی نوێتر بگیرێتەبەر، نەک دروستکردنی ئەو هەموو ڕۆتیناتە لەڕێگەی بڵاوکراوە ڕۆشەنبیرییەکان، کۆڕ و کۆبوونەوەکانی هۆکار و لێکەوتەکانی توندوتیژی خێزانی، کاریگەری لەسەر تاکەکانی ئەم خێزانەی بەردەوام ڕوبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە.

لەدرێژەی  ماددەکانی دواتر مەرجەکانی کردنەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ئەو کەسەی توندوتیژی ئەنجام دەدات، لەدرێژەی ماددەکانی دواتر باس لەتاوانی خەتەنەکردنی مێینە دەکات، یەکێکە لەجۆرەکانی توندوتیژی، خەتەنەکردن یەکێک لە دیاردە باوەکانی کۆمەڵگەیە کە هیچ ڕیشەیەکی ئاینی و مرۆڤدۆستی پێوە دیار نیە، ئەم ڕەفتارە هەڵقوڵاوی بیرو زەهەنی کۆنەپەرستییە، کەهیچ توێژینەوەیەکی زانستی نەیسەلماندووە پێویستبێت بۆڕەگەزی مێینە. بەڵام ئەوەی زیاتر ئاشکراپاشخانێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی نیە، هەرچەندە ئەم دیاردەیە، لە ئێستادا حاڵەتەکانی زۆر کەم ڕێگە پێدراو نیە، ئەو کەسانەشی ئەم ڕفتارە ئەنجام دەدەن لەڕێگەی ئەم یاسایەوە سزای ماددی مەعنەویان بۆ دیاریکراوە، و ڕێکاری توندیان بەرامبەر دەگیرێتە بەر  چ ئەوکەسەی هاوکار یاخود پاڵنەر بێت بۆئەنجام دانی ئەو ڕەفتارە.

کەمترین سزای دیاریکراو لەم یاسایە شەش مانگە، و زۆرترینیشی سێ ساڵە. بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی لایەنە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بەم بەیاسا پاڵپشت بەلێژنەکانی لێکۆڵینەوە، ڕاپۆرتە پزیشکیەکان، لەحاڵەتی نەبوونی دەق دەگەڕێینەوە بۆ یاسای ڕێکارە سزایەکان، یاسای سزاکان، یاسای باری کەسی هەمووارکراوە.

ئەوەی جێگای ڕەخنە و سەرنج خستنەسەرە بۆ ئەم یاسایە، خۆی لەچەند لایەنێکی جیاوز دەبینێتەوە، یاساکان هەڵقوڵاوی دابونەریت، زمان، ئاین، کلتور، فەرهەنگ، ئاو هەوان.

ەگەر ئەوانە هەموویان جەستەیەک بن، بێگومان یاساکان دەمارەکانی ئەم جەستەیەن، یاساکان هەڵقوڵاوی ناخی ئەم جەستەیەن. ئەم جۆرە یاسایانە گەندەڵی دروست دەکەن، کۆمەڵگا پێیانەوە پابەند نابێت،

یەکێکە لەجۆرەکانی زوڵم، ئەگەر زوڵمی ماددی بریتی بێت لە فەرامۆشکردن لە خزمەتگوزارییەکان، ئەوا ئەم جۆرە یاسایە زوڵمێکە لەلایەنی مەعنەوی کۆمەڵگا دەکرێت. پێویستمان بە ئامادەکارییەکی مەعنەوییە بۆ ئەوەی بتوانین ئەم یاسایە بخەینە قاڵبی کۆمەڵگا نەک کۆمەڵگا بخەینە قاڵبی یاسایەک بۆیە پێویستە هەر یاسایەک لەکاتی دەرچونی خوێندنەوەی وردی بۆ بکرێت لەلایەن کەسی لێهاتوو خاوەن ئەزموون سەرپەرشتی بکرێت، نەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕێکخراوە بەلاڕێدابەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەوەی جێگەی سەرنجە، چەند خاڵێکی تێدایە کە جێگەی ڕەخنەیە و پێویستی بەگۆڕانکارییە، خودی یاساکە مەبەست لێی توندوتیژییە بەرامبەر تاکەکانی خێزان بەڵام لێرەدا بەلاڕێدابراوە، سەرجەم سەرنجەکان لەسەر ئافرەتە، دەکرێت بەشێکی زۆری توندوتیژییەکان بەرامبەر ئافرەت ئەنجام بدرێت بەڵام لە دواجاردا تاکەکانی تریش ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، خاڵێکی تری بەکارهێنانی وشەی خێزان دیاریکردنی تاوەکو پلەی چوارەم لە ڕاستیدا ئەگەر بە پلەی خزمایەتی بگەڕێینەوە بۆ ئەم کەسانەی کە بەخێزان هەژمارکراون ئەوا زۆر فراون دەبێت، لەڕاستیدا چەمکی خێزان لە ئێستادا لەناو کۆمەڵگای ئێمە خۆی لە چەند کەسێکی دیاریکراودا دەبینێتەوە، خێزانی بچوک وەک دایک، باوک،خوشک، برا ئەگەر بیێتە خێزانی گەورەش ئەوا داپیرو باپیر. . .هتد..

بەڵام لەدەقی یاساکەدا زۆر بەفراوانی چەمکی خێزانی وەرگرتووە، چونکە لە کۆمەڵگای ئێمە خێزان بەو پلەیە ڕەنگە ژمارەکی زۆر لەخۆ بگرێت ئەمەش لە خێزانێک بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت.

یەکێکی تر لەڕەخنەکان کە لەجێی خۆیەتی چەند سەرنجێکی بخەینەسەر، ئەگەر هاتوو باوکێک توندوتیژی بەرامبەر خێزانەکەی ئەنجام بدات لەو حاڵەتە بەگوێرەی جۆری توندوتیژیەکەی ڕەنگە چەند مانگێک تاوەکو سێ ساڵ سزا بدرێت، ئایا کێ بەبرپرسە لە ژیانی منداڵەکانی خەرجی وسەرپەرشتی کردنیان،؟ ئەو منداڵانە دەکەونە حاڵەتێکی دروونی خراپ و ئاستەنگیان بۆدروست دەکات.


یاسای توندوتیژی خێزانی، وەک ئەوەی خوێندنەوەیەکی سەرەتاییمان بۆ کرد بینیمان کەموکوڕی زۆرە و پێویستی بە هەمووارکردن، لەچوارچێوەی ڕێسا کۆمەڵایەتی و شەرعییەکانەوە هەیە، هەرچەندە لەو دواییانە وەکو پڕۆژەیەک دووبارە خرایە بەردەم پەرلەمانەوە بەڵام جێگای ڕەزامەندی کۆمەڵگا و یاساناسان نەبوو، ئەم یاسایە پێویستی بە ئامادەکارییەکی مەعنەوی و هۆشیارییەکی کاریگەر هەیە، لە کۆتاییدا مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، پێویستی بە خێزان و کۆمەڵگا هەیە بەڵام سەرباری ئەوە پێویستی بە یاسایەکی باشە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی.



زانا لوقمان

# کورد و هەزار قسە






کورد و هەزار قسە، زنجیرە بابەت و وتارێکە، باس لە چەند خانەیەکی شێرپەنجەیی و چەند هۆکارێکی ئەوتۆ دەکات، کە کورد لەمێژوو و لەمڕۆدا پێیانەوە گیرۆدەیە. ئەو هۆکارانەی وایانکردووە کورد نەتوانێ وەکو نەتەوەیەکی نزیک پەنجا ملیۆن کەسیی، گوزارشت لە مافەکانی خۆی بکاو لە چوارچێوەی دەوڵەتێک نەشونمای بیرێکی ئازادی نەتەوەییانەی خۆی بکات. لەوانەیە خەڵکانێک حەزیان لە دەموچاوی کوردایەتی نەبێ، وە بڵێن جا نەتەوایەتی چییە تا بە گرنگی بزانین؟. لە وەڵامی ئەو پرسیارە دەمەوێ بڵێم: مرۆڤ لە هەر قۆناغێک لەسەر بنەمای شتێک خەباتی کردووە، کە لەو سەردەمەدا و لەو قۆناغەدا باو بووە. دەکرێ بڵێین: ئەوە هەلومەرجی ژیانە وا لە مرۆڤ دەکات کە چۆن و لەپێناو چی خەبات بکات. بۆ نموونە: لە یۆنانی کۆن "دەوڵەتی شار"هەبووە، هەر شارێک دەوڵەتێکی خۆی هەبووە و هەموو تاکەکان ئینتیمایان تەنها بۆ شارەکەی خۆیان بووە، تەنها لە پێناو شارەکەی خۆشیان تێکۆشانیان کردووە و تەقەلایان داوە.



هەروەها لەو قۆناغانەی کە ئاینەکان هاتوون بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک، مرۆڤەکان لەپێناو بڵاوبوونەوە و بەهێزبوونی ئاینەکەیان خەبات و تێکۆشانیان کردووە، بێگومان دەتوانین بڵێین:
ئاینەکان گشتگیرترین فۆرمی ڕێکخستن بوون لە مێژووی مرۆڤایەتی. ئەوەی ئاینەکان ویستوویانە، نە چۆنییەتی ڕەنگی مرۆڤ بووە،

نە چۆنییەتی زمانی قسەکردن، نە خاکی هاوبەش، بەڵکو تەنها ویستوویانە هەموو خەڵکێک لەسەر خودایەک کۆک بێ کە دروستی کردوون، هەروەها لەسەر پێغەمبەرێک کە نێردراوە بۆ گەیاندنی پەیامەکە. کە دەتوانین بڵێین: تاوەکو ڕووخانی ئیمپراتۆریەتەکانیش ئاین فاکتەری یەکەم بوو سەبارەت بە ڕێکخستنی ئیمپراتۆریەتەکان. بەڵام لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتەکان، کاتێک مرۆڤایەتی پێ دەنێتە قۆناغی (دەوڵەت-نەتەوە)وە، باوترین ڕێکخستن دەبێتە نەتەوە، بۆ دروستکردنی دەوڵەتەکان. واتا: لەدوای نەمانی قۆناغی ئیمپراتۆرییەتەکان، هەروەها ڕوخانی ئەو ئیمپراتۆریەتانەی لەسەر بنەمای ئاین دروست بووبوون ("عوسمانی" بە نموونە)، زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی دروستکران و بنیادنران لەسەر بنچینەی نەتەوەیی

بنیادنران. بۆ نموونە: هۆڵەندییەکان دەوڵەتی هۆڵەندا، ئەڵمانییەکان دەوڵەتی ئەڵمانیا و، فەرەنسیەکان دەوڵەتی فەرەنسا و...هتد، دەکرێ دەوڵەت هەبێ لەسەر بنەمای نەتەوە دروستنەکرابێ، بەڵام فۆڕمی گشتی دەوڵەتانی جیهان، فۆڕمی دەوڵەتی نەتەوەییە. ئەو قسانەم بۆ پاڵپشتی ئەوە کرد، کە: ئێمە کوڕی ئەم ڕۆژگارەی ئەوڕۆین، بۆیە پێویستە لەپێناو شتێک تێبکۆشین، یاخود شتێک بەدەستبێنین، کە لە سەردەمی ئەمڕۆدا دوو عانەمان بۆ بکات! ئەمە دوورە لە بانگەشەی بیری ناسیۆنالیزمی، بەڵکو باسکردنی واقیعێکی ئیجبارییە، کە: بتەوێ و نەتەوێ، لەژێر ناوی نەتەوەکەت دەتوانی ببی بە شتێک، نەوەک هیچی تر. ڕەنگە زۆر خەڵک پاڵپشتی ئەو قسەیەم نەکەن، یان تا ڕادەیەک دژایەتیشی بکەن.

بەڵام لە سەردەمی ئەوڕۆدا بەڕای من: کورد بە چەشنی نەتەوەی عەرەب، ئیتر دەبێ جیهانێکی بەناو بکرێ و، لە گەلی کورد ناوەکەی بگۆڕێ بۆ جیهانی کوردی. چونکێ بەڕاستی لق و پۆپمان لە شێوەزار و کلتور و دیدگەی سیاسیی و داروبەرد، هێندە زۆرن، کە ئیدی دەکرێ بڵێین جیاوازییەکەمان وەکو عەرەبێکی عێراقی و عەرەبێکی مەغریبی وایە. من وەکو خۆم، هەرچی کە کورد بێ و بە زمانی کوردان قسان بکات، بە شێوەیەک بێ ئەوەی خۆم بمەوێ یان نەمەوێت، خۆشم دەوێ. ئەو قسەیەی کە دەڵێم کورد پێویستە ببێتە خاوەنی جیهانێک و هەر کوردێک لە هەر پارچەیەکی کوردستان بە جیا دەبێ شۆڕش و داواکارییەکانی لەو پارچەیە پەرەپێبدا لە پێناو مافەکانی کورد لەو پارچەیە، هەر لەخۆیەوە سەرچاوە ناگرێ. گەر ڕاچڵەکین و ئاوڕێک بدەینەوە، ئێمە سەد ساڵ زیاتر بەر لە ئێستا بووینە بەشێک لە پرۆژەیەکی ڕێککەوتنی وڵاتان، بووینە گرەوی نێوان زلهێزەکان و وەکو کارتێک بەکارهێنراین بۆ ڕازی کردنی دڵی هەریەک لەو چوار دەوڵەتەی ئێستا لەسەریان مەحسووبین. بۆیە لەو بارودۆخ و هەلومەرجە سیاسییە خنکێنەرەی ئێستا، وا باشترە هەر کوردێک لە پارچەکەی خۆی تەرکیز و بیروهۆشی بخاتە سەر بەرەوپێشچوونی کەیسی کورد لە پارچەکەی خۆی. جگە لەوەش، گەر هەموو یەکبین، دەبینە یەک ئامانج بۆ دوژمنان، پێموایە بۆ تەڵخ کردنی بەرچاوی دوژمنان، ئەو چوارپارچەییە سوودی هەبووبێ، لە لایەنی سیاسیی. بێگومان بەرەوپێشچوونی کەیسی هەر نەتەوەیەک تەنها بریتی نییە لە شۆڕشی چەکداری و تەحەدیی فیزیکی، بەڵکو بەرەوپێشچوون دەکرێ لەهەر لایەنێک هەبێت، کە دەکرێ ببێت. نمونەی بەرەوپێشچوونی کەیسی کورد لە هەر پارچەیەک بە شێوەیەک بووە، ئێمە گەر لەڕووی هونەری گۆرانی گوتن تەماشای "ڕۆژهەڵاتی کوردستان" بکەین، دەبینین کە ئەوان بوونەتە سەرمەشقێکی فرەگەورە بۆ هونەری کوردی لە سەدەی بیست.

که ئەوەش ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی لەسەر کەیسی کورد هەبووە بۆ کەسێک کە بخوێنێتەوە و بیەوێ بارودۆخی کورد لەو قۆناغەدا هەڵسەنگێنێ، ئەوە وەکو نمونەیەک. بە شێوەیەکی ڕەها و بێ هیچ دوودڵیەک دەتوانم ئەوە بڵێم، کە: ناحەزانی نەتەوەی کورد، بە گریانی هەر منداڵێکیش قەڵس دەبوون گەر گریان ناسینەوەی هەبا و بیانزانیبا ئەوە کوردە، چ جای کەسێک بە هونەر و ئاوازەوە، لافی کوردبوونی خۆی لێبدات!؟.
بەڵام کورد لە دونیای ئەوڕۆدا، لەو قۆناغە نەماوە کە لەسەر هەمان میتۆدی کارکردن و شۆڕش بەردەوامبێ، ئیتر پێویستە ستایلێلی مۆدێرن بەکاربێ کە جیاواز بێ لە ستایلێکی زەلیلانە کە هەر بە گریان داوای مافی بوون و وجوودی خۆی بکات، بەڵکو دەبێت وەکو ڕۆڵەکانی هەر نەتەوە و وڵاتێک، بە وەرزش و زانست و سۆشیالمیدیا و ئەلیکترۆنیات، بتوانرێ وجوود و بوونی کورد بسەلمێنرێ و هەموو جیهان تێبگا لەوەی میلەتێکی پێشکەوتنخواز هەیە کە تەنانەت خاوەنی "ئیمۆجی"یەکی ئاڵای وڵاتەکەی خۆی نییە، لە کاتێکا "مام هەژار" گوتەنی: ئاڵا ناسنامەیە! من لە "کورد و هەزار قسە" هۆکارگەلێکی کاریگەر باس دەکەم، کە دەبوو چۆن بێت و ئێستا چۆنە. چەند لایەنێکی گرنگ دەخەمە ڕوو، کە پێی دەوێ تاکی کورد تێیبگا و بەشێوەیەکی ڕێکخراو هەوڵبدا بۆ بە پڕۆژەکردنی و بتوانرێ بهێندرێتە سەر ئەرزی واقع. هاروەها دەشێ بڵێین: بابەتەکە زیاتر جەخت لە فاکتەرەکانی سەردەمی ئێستامان دەکاتەوە. چونکە دونیای ئەوڕۆ کە جیهانی سۆشیالمیدیا و ئەلیکترۆنیاتە، فۆڕمێکی جیاوازتری هەیە لەوەی کە لە پێشوو هەبووە. هەڵبەت ئەو قسانەی کە لە سەرەوە کردم و پشتگیری ئەوەم کرد کە هەر کوردێک لە پارچەکەی خۆی چاڵاکبێ، بۆ ئەوەشە کە ئێستا من بتوانم زیاتر لەسەر کوردستانی باشوور بدوێم، چونکە بارودۆخی کوردستانی باشوور یەکجار جیاوازە لە پارچەکانی تر و لێرە تا ڕادەیەکی باش دەتوانرێ ئامانجەکان بپێکرێ، ئەویش بەهۆی ئەو قەوارەی هەرێمەیە کە زۆر کەس گرەوی لەناوچوونی دەکات، زۆر کەس بەلاڕێدا بردراوە و تەنانەت ڕای گشتیش ئێستا دژی ئەو قەوارەیە کاردەکات. ئەویش بەهۆی تێکەڵکردنی شتەکان، بە جۆرێک کە حکومەتەکانی دەوروبەر بە وردی کار لەسەر ئەوە دەکەن: هێزی کارتۆنی و پۆپۆلیست دروست بکەن؛ بۆ بەلاڕێدابردنی کۆمەڵگە و ڕای گشتی. وایان لە میللەتێکی جەربەزەی وەکوو کورد کردووە کە داگیرکردن و سڕینەوەی ناسنامە و زمانیشی قبوڵ بێ، لە پێناوی (مووچە و بەنزینی هەرزان). (ئەوە مانای ئەوە نییە تێبینی لەسەر چۆنییەتی حوکمڕانی نەبێ، یان ڕای جیاواز و ئۆپۆزسیۆن نەبێ، بەڵکو قسەکە لەسەر هێزی کارتۆنی و دروستکراوی دەرەوەیە).



## ئینتیمای خێڵەکی و ناوچەیی:

لەو ماوەیە چاوپێکەتنێکی نوسەر "موحەممەد مەسعود موحەممەد"م بینی کە باسی لە کێشەی نەبوونی زمانی یەکگرتوو دەکرد. قسەیەکی کرد زۆر سەرنجی راکێشام کە گووتی: جوگرافیای شاخاویی کێشەیەکی زۆر گەورەیە بۆ هەر میللەتێک، کە لێی بژی. ئەو قسەیە گەر بە لێکدانەوەیەکی واقعییانە هەڵوەستەی لەسەر بکرێ، بەڕاستی دەیهێنێ کە چەندین وتار و بابەت و توێژینەوەی لەسەر بکرێ. لە مێژووی نیمچەکۆن، جوگرافیای شاخاوی دەکرێ یەکێک بووبێ لەو هۆکارانەی کە وایکردبێ چەندێتی زۆر دروستبووبێ لە ژمارەی تیرە و هۆز و بنەماڵەکان. ئەویش بەهۆی کەمی وەسیلەی هاتوچۆکردن لە نێوانیاندا و نەبوونی ڕێگا. لەوانەیە شاخەکان وایانکردبێ کە هۆزەکان بە ئاسانی نەگەیشتبنە یەک، هەرچەندە لە یەک نەتەوەش بووبن. ئەو یەکتر نەدیتنەش جۆرێک لە هەستی "خۆیی" بوونی لەناو هەر هۆزێک دروست کردووە کە هۆزەکەی تری لا بێگانە بێت. واتا دەتوانین بڵێین: جوگرافیای شاخاوی لە کۆندا وایکردووە کە بنەماڵە و تیرە و هۆزەکان جۆرێک لە جیابوونەوە لە نێوانیان دروست ببێ، جیابوونەوەش تەنها بە جەستە و فیزیک نا، بەڵکو بە زار و شێوەزار و کولتور و جلوبەرگ، تا دەگاتە ئینتیما. بابەتی "جیاوازیی شێوەزار" دەکرێ لە داهاتوودا وەکو بابەتێکی تایبەت زیاتر باسی لێوە بکرێ. ئەوەی لێرەدا بە گرنگی دەزانم باسی لێوە بکەم بابەتی ئینتیمایە. ناوچە و جوگرافیای شاخاوی، بێ ویستی مرۆڤ وای لە مرۆڤەکان کردووە کە هەرکەسێک ئینتیمای بۆ دۆڵەکەی خۆی هەبێت، یان بۆ چیایەکەی خۆی. گوندیش هەر هەمان شت. بۆیە ئەگەر سەیری ئەو هۆزانە بکەین کە لە نزیک شارەکان لە جوگرافیایەکی تەخت و دەشتاوی ژیاون، ئێستا ئینتیمای خێڵەکیان کەمترە لەوانەی کە لە ناوچەی شاخاوی ژیاون. کە لەوانەیە بەهۆی تێکەڵی زیاتریان لەگەڵ هۆزەکانی دەوروبەریان یان شارەکان، وایان لێهاتبێ و زیاتر هەنگاویان نابێ بەرەو شارستانییەت و نەتەوایەتی و ئایندارىی و،

ئینتیمای خۆیان بۆ شتانێکی گەورەتر لە هۆز و عەشیرەت تەرخان کردبێ. ئەوە تەشهیرێک نییە بە خەڵکی ناوچە شاخاوییەکان یان هۆزەکانی ناوچە شاخاوییەکان بکرێ، بەڵکو وەکو هەڵسەنگاندنێکی کۆمەڵایەتی و فاکتەرێکی گرنگ لەسەر دۆسیەی نەتەوەیی، باسی لێوە دەکرێ. لەوانەیە ئەو قسانە ڕێژەیی بن، یان لە نەتەوەیەک بۆ نەتەوەیەکی تر ڕاست دەرنەچن. بۆ نمونە عەرەب کە زۆربەی هۆزەکانیان لە بیابان ژیاون، کەچی هەر ئینتیمای خێڵەکییان زۆر هەیە. بەڵام لەم بابەتە من بەپێی ئەوەی کە لە کوردستان و بەتایبەت باشوری کوردستان بەدیم کردووە، دەینوسمەوە و هەڵوەستەی لەسەر دەکەم. لەوانەیە ئینتیمای خێڵەکی وەکو پێشتر نەمابێ و لەسەر ئەرزی واقیع تۆزێک لاواز بووبێ، ئەویش بەهۆی بەهێزبوونی حکومەت و حزبەکان بەراورد بە جاران. بەڵام لە واقیعدا هەر ماوە و سەنگەری گواستۆتەوە بۆ (تیکتۆک و فەیسبووک و سۆشیالمیدیاکانی تر).
ئێستاش هەمان ئەو لافلێدان و شانازیکردن بە عەشیرەتەی پێشتر کراوە، لەناو (تیکتۆک و سۆشیالمیدیاکانی تر) دەبینین. ئێستێ ڕاستە شەڕە عەشیرەت بە چەک کەمبۆتەوە، بەڵام من کە سەرنجی (کۆمێنتەکان) دەدەم، جاری وا هەیە نزیکەی سەد کۆمێنت وەڵامی یەکیان داوەتەوە و هەریەکەی ویستوویەتی فەزڵی خێڵەکەی خۆی بەسەر ئەویتردا بسەلمێنێت. کە ئەوە دەردێکی کوشندەیە بۆ ڕۆژگارێکی وەکو ئەورۆ.

هەر تیرە و هۆزێک کە لە کوردستان هەبووە یان هەیە، شێوازی قسەکردن و کولتوور و ناوچەی تایبەت بەخۆی هەیە، بێگومان خەڵکەکەش ئینتیمای بۆ شێوازی قسەکردن و جلوبەرگ و کولتوور و ناوچە و تایبەتمەندییەکانی هۆزەکەی خۆی هەبووە. ئەو ئینتیمایەش وادەکات ئینتیمای نەتەوەیی و هەستکردن بە کوردبووون لاواز بووبێ. لە مێژووی دوو کۆتا شۆڕشی کوردستانی عێراق، زۆربەی سەرۆک هۆزەکان پەنایان دەبردە بەر زۆر کاری خراپی وەک (جاشایەتی، نۆکەرێتی بێگانە، هاوپەیمانێتی خێڵێکی بێگانە...تاد.) لەپێناو شکاندنی ئەو هۆزەی کە بە ڕکابەری خۆیانیان زانیوە. یان لانیکەم بۆ بەهێزبوونی هەژموونی عەشایری و کۆمەڵایەتیی عەشیرەتەکەی خۆیان. لێرەدا ئەوەی گورزی کوشندەی بەر دەکەوێ تەنها قەزیەی نەتەوەییە. خۆ لە هەموو دونیا و بە تایبەت میللەتانی ڕۆژهەڵاتی، لە سەردەمێکدا ئەو شتانە باو بوونە، بەڵام تەحەدییە گەورەکە بریتییە لە چارەسەرکردن و نەهێشتنی.



تاکی کورد لە سەردەمی زوودا، ئێستاش هەروەها، بەهۆی جەخت کردنەوە لەسەر بەهێزبوونی خێڵ و هۆزەکەی، وە بوونی ئینتیمایەکی زۆر بۆ بابەتی عەشیرەت و عەشیرەتگەرایی، وە نەبوونی بەرچاوڕوونیی و جیهانبینی، وە ئاگەدارنەبوون لە بارودۆخ و پێشکەوتنی گەلانی جیهان، نەیتوانیوە وەکو پێویست هەست بە مافی کوردبوونی خۆی بکات، وەکو نەتەوە. ئێستا لە سەنگەری (شۆشیالمیدیا و تیکتۆک)ەوە، منداڵ و لاوی کورد لەبەر لافلێدانی عەشیرەت و ڕکابەری عەشیرەتگەرایی لە نێوانیان، ئەسڵەن هەر هەست بە هاوسۆزبوون ناکەن لەگەڵ کەیسی نەتەوە، بۆیەش لەباربردنی خەونی گەورەبوون و پێشکەوتنی نەتەوەکە لەلایەن دوژمنان کارێکی فرەئاسان و ڕۆتینی بووە هەرچەندە ناکرێت ڕۆڵی عەشیرەت و هۆزەکان لە پێشکەوتنی دۆسیەی کورد بە کەم ببینرێت، ئەوان لە دوا دوو شۆڕشی باشوری کوردستان ڕۆڵی کارا و سەرەکییان دیت لە بابەتی (ناندان و داڵدەدان و پاڵپشتیی هێزی پێشمەرگە...تاد). وە لە کۆتاییشدا لە ڕاپەڕینی ١٩٩١، زۆرێک لە هۆزەکان توانیان ببنە هێزێکی گەورەی پاڵپشتیکەری سەربازی بۆ ڕاپەڕینەکە. بەڵام لە دونیای مۆدێرندا، هەندێک گۆڕانکاری خاڵی جەوهەرین سەبارەت بە بەرەوپێشبردنی پرۆسەی گەلان. دەکرێ خێڵەکان ڕۆڵی باش و خراپیان دیبێ لە قۆناغی شۆڕشدا، بەڵام بۆ هەنگاونان بەرەو شارستانییەت و سەرکەوتن بەسەر هەورازی دوژمنان و بەرەوپێشبردنی کەیسی نەتەوەیی، پێویستە ڕۆڵی زۆربەی ئەو شتانە لاواز بکرێ کە دەبنە هۆکاری خراپ لەسەر بەرەوپێشچوونی کەیسی نەتەوە، هەروەک "مەلیک فەیسەڵ"ی "عێراق" گوتوویەتی: چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و زار و نەهێشتنی هەژموونی شێخ و عەشایەر بەرەوە دەوڵەتداریت دەبات.

لەوانەیە خەڵکانێک هەبن پێیان وابێت بەرگری کردن لە کەیسی نەتەوەیی کارێکی دواکەوتووانەیە. وە بانگەشەی برایەتیی ئاینیی و مرۆیی بکەن، بەڵام لەسەر ئەرزی واقعدا دەبێ مرۆڤەکان لەخۆیان بپرسن کە بۆ دەکوژرێن؟ بۆ دوژمنایەتییان دەکرێ؟ ئەگەر برایەتی ئاینیی و مرۆیی بوونی هەیە، بۆ هیچ وڵاتێکی دەوروبەرمان ئەو برایەتییە ناکاتە بەشێک لە سیاسەت و ئەجێندای خۆی؟ وەڵامی پرسیارەکان هەمووی ئەوەیە کە ئێمە ئەگەر هەبین وەکو کورد هەین، ئەگەر بشکوژرێین هەر بەهۆی کوردبوونمانە.

بەڕای من گۆڕانکاری کردن لە مەبادیئەکانی گەلێکی وەکو کورد، شتێکی هێندەش قورس نییە. چونکە کورد گەلێکە زۆر بە کەمی لەژێر سایەی حوکمی خۆی ژیاوە، هەرگیز نەیتوانیوە نەشونمای بیری ئازادانەی خۆی بکات. بەکورتی، کورد لەبەر هەڵهاتن و ڕاکە ڕاک لەدەست بارودۆخە کەمەرشکێنە سیاسییەکانی ناوچەکە، کاتی ئەوەی نەبووە خۆی دروست بکا و پێبگەیەنێ. تاوەکو ئێستاش، کورد شتێکی وای نییە کە نەتوانرێ گۆڕانکاری لێ بکرێ، کورد هەرگیز پەرژینێکی نەبووە ڕێ لە تەوژمە فیکری و کۆمەڵایەتییەکان بگرێ، هەرگیز ئەو ئامادەییەی تێدا نەبووە کە بتوانێت ڕێگری بکات لە هاتنەناوەوەی کلتورێکی بێگانە یاخود بیرێکی نامۆ. هەمیشە توانراوە هەر بیرێکی باش و خراپ یان هەر کولتوورێکی باش و خراپ دزەی پێ بکرێتە ناو کۆمەڵگەی کوردی و ڕەواجی پێ بدرێت. هەروەها دووبارە ئەوەش بۆ نەبوونی پەرژینی کولتووری و فکری و ناسنامە دەگەڕێتەوە. گەورەترین هۆکاریش بۆ نەبوونی ئەو پەرژینە، نەبوونی دەسەڵات یان قەوارەیەکی سیاسییە.

نمونەی هاتنە ناوەوەی کولتووری نوێ بۆ ناو کۆمەڵگای کوردی و بە تایبەت باشووری کوردستان زۆرن، دیارترینیان گۆڕانکاری بوو لە ناسنامەی فکری ئاینیی، کە بە نیمچە ڕەهایی دەتوانین بڵێین، بەپێی خوێندنەوەکان، تاوەکو دوای ڕاپەڕین شتێک نەبوو بە ناوی "سەلەفییەت"، کە بیرێکی لسایکەرەوەیە، زۆرینەی بیروبڕوای لەسەر ڕووکەشی بابەتە ئاینییەکان هەڵچنیووە. ئەوەی کە هەبوو لە کوردستان دینداریەکی عیرفانییانەی سۆفیگەرییانە بوو، کە لەگەڵ هەموو پەیامێکی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و گیانی هاوکاری و یەکتر قبوڵکردن هاوئاوازبوو. (هەڵبەتە کورد پێش موسڵمانبوونیشی، ئەو کوردانەی لە ئاینەکانی زەردەشتی و جولەکە و یارسانی و ئەوانی دیش بوون، ئاینیان بە لایەنێکی سۆفیگەرییانە و عاریفانە جێبەجێ کردووە). ئەوەش بەڵگەی هەمیشە ئاشتیخوازبوون و دڵگەورەیی و هاریکاربوونی گەلی کوردە. بێگومان ئاین و بەتایبەت ئاینی پیرۆزی ئیسلام، پەیامێکی گەورە و بەخشندە و بەرنامەیەکی پاک و بێگەردە، کوردیش بەو شێوە جوانە جێبەجێی کردووە.

هێنانەوەی ئەو نمونەیەی سەرەوە، لەپێناوی ئەوەبوو کە بتوانم زیاتر بدوێم لەسەر ئەوەی، دەتوانرێ زۆر واقیعی ئەوڕۆ بگۆڕدرێ، هەروەک پێشتر بە بەرنامە و پلانی دوژمنان گۆڕدراوە.

ئەو قۆناغەی کە کورد پێیدا تێپەڕدەبێ قۆناغێکی نامۆ و نوێ نییە، زۆربەی میلەتان پێویستیان بە چەندینساڵ حوکمڕانی و مومارەسەی ژیانێکی ڕۆتینی و ئاسایی و جێگیر بووە، تاوەکو گەیشتوونەتە ئەو قۆناغەی کە نەتوانرێ بە ئاسانی شتێک لەناویان بکرێتە عادەت، کە لەسەری ڕانەهاتوون. بەڵام کورد نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغە و جارێ نەهاتۆتە سەر هێڵی ژیانێکی تۆزێک جێگیر و بێ ژاوەژاو، هەربۆیە گۆڕینی هەندێک واقیعی کۆمەڵایەتی، شتێکی هێندەش قورس نییە.

بۆیە لێرەدا، کۆی بۆچوونەکانم بۆ پاڵپشتی ئەوە دەڵێم: کە دەکرێ بە پڕۆژە و بەرنامەی ورد و کارکردنێکی ڕێکخراو بتوانرێ کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و کۆمەڵگە دروست بێت. بتوانرێ ئەو هەموو ئینتیما و وزەیە لە خێڵ و بنەماڵە و ناوچە و شارۆچکە بستێندرێتەوە و پێشکەش بە دۆزێکی نەتەوەیی گەورەتر بکرێ، (کە بێگومان پێویستترە). ئەوە بە مانای لەناوچوونی ئادابی عەشایری و بنەماڵەیی و خۆشەویستی ناوچەیی نایێ، بەڵکو ڕاکێشانی زەین و تەرکیز(کۆبیر)ی نەتەوەیە، بۆ نەتەوە. کۆکردنەوەی ئینتیمای هەموو خێڵ و ناوچە و بنەماڵەکانە، بۆ نەتەوە و نیشتمان. ڕەواندنەوەی ئەو هەموو یەکترقبوڵنەکردن و دوژمنکارییەیە، بۆ یەکدەستی نەتەوەیی و نیشتمانیی کە کلیلی دەرگای شارستانییەت و ئەزموونی پێشکەوتنخوازە.

**دێرین کەمال چاوشین**

# گۆڤاری ئەلیکترۆنی
# سەکۆی هزر

ژمارەی پێنجەم